پرۆژەی چاودێری مافەکانی مرۆڤ

# ڕەوشی مافەکانی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

# 2012-2011

لەلایەن ڕێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت بەهاوکاری ڕێکخراوی(فریاگوزاری گەلی نەرویجی NPA)

## تیمی سەرپەرشتیاری  پڕۆژە:

عەتا محمد احمد:     بەڕێوەبەری پڕۆژەکە

ابراهیم اسماعیل: ڕێکخەری پڕۆژەکە

احمد مجید محمد:  ڕێکخەری پڕۆژەکە

## تیمی مەیدانی پڕۆژەکە

وریا احمد رحمان:  پارێزگای هەولێر

هەژار سەلیم هەمزە : پارێزگای هەولێر

ڕەزوان حامد حمید خلیل : پارێزگای  موصل

خدر دوملی :  پارێزگای  دهۆك

سلمی عبد العزیز: پارێزگای کرکوك

سۆز محمد حمە صالح:  پارێزگای سلێمانی

ئاریان جبار حسن: پارێزگای سلێمانی

نشوان  مستەفا ڕەشید:  پارێزگای سلێمانی

فلاح طالع صادق مصطفی الالوسی:  پارێزگای بغداد

## داڕشتنەوەو پێداچوونەوەو کاری هونەری راپۆرت

داڕشتنەوەی راپۆرت: عەبدوڵڵا خالید

پێداچوونەوە: شوان ڕەشید

کاری هونەریی: هێرش مغدید

## ڕێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان

ڕێکخراوێکی ناحکومیی ناوخۆیی کۆمەڵگای مەدەنییە و لە حکومەتی هەرێمی و لەبەغدا بەفەرمی تۆمارکراوە، هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بە بێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا و پابەندە بە بەها مرۆییەکان و پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و ئەخلاقیاتی کاری ناتوندوتیژی و داکۆکیکردن لە ئافرەتان و چینە پەراوێزەکانی کۆمەڵگا.

مەسەللە لەوەتەی دامەزراندنییەوە لە ساڵی 2004 لە ناوچەی جیاجیای عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریکردووەو و هەندێك جاریش بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاریکردووە لە چوارچێوەی گروپی ناتوندوتیژی عێراق کە مەسەللە دامەزرێنەرێتی.

مەسەللە لەکاروانی کارکردنیدا، چەندین جار لەئاستی ناوخۆیی و دەرەکی ڕێزی لێنراوە. لەساڵی 2008 لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە (خەڵاتی شارستانی) پێ بەخشراوە،لەساڵی 2009 یش خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەبواری کارکردن لەگەڵ ئافرەتاندا.

لەئاستی دەرەوەش لە وڵاتی ئیسپانیا خەڵاتی ئاشتی لە ساڵی 2007 وەرگرتووەو لە ساڵی 2011یشدا لە وڵاتی سویسرا یەکەم خەڵاتی سێرجیۆ دیمیلۆی پێ بەخشرا.

<u>ڕێکخراوی مەسەللە کار دەکات لە پێناو :</u>

=پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و هاوکاریکردن بۆ جێگیر کردنی بنەماکانی دیموکراسی

=بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاشتی وناتوندوتیژی

=توانسازی ئافرەتان و هاوکاری ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، و گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا

=هۆشیاری‌و چاودێریکردنی ماڤی مرۆڤ و مافە مەدەنی و ئازادیە گشتیەکان

=قوولکردنەوەی گیانی کاری خۆبەخشی لە کۆمەڵگا

<u>پرۆگرامەکانی ڕێکخراوی مەسەللە :</u>

-پرۆگرامی ئافرەتان و جێندەر

-پرۆگرامی ناتوندوتیژی

-پرۆگرامی ماڤی مرۆڤ

<u>ناونیشان :</u>

هەرێمی کوردستانی عێراق

پارێزگای هەولێر

گەڕەکی زانکۆ _ شەقامی ئەحمەدی خانی _ بەرامبەر یاریگای 92

ژمارەی خانوو ( 4 )

www.almesalla.net

almesalla@almesalla.net

ژمارە تەلەفون : 00964 (0) 662564287

# ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت - CDO

ڕێکخراوێکی ناحکومییە، قازانج نەویستی سەربەخۆیە، ساڵی (1999) بەپشتیوانیی ڕێکخراوی (دیاکۆنیا)ی سویدی دامەزراوە. سەرەتا بۆ ماوەی (2) ساڵ لەژێر چەتری (ناوی) ئەو ڕێکخراوەدا کاری کردووە.

لەساڵی (2001)ەوەوەك ڕێکخراوێکی ناحکومی (NGO) مۆڵەتی رەسمی کارکردنی بەژمارە(پ/719) لەوەزارەتی هاوکاریی و مرۆڤایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت - CDO پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێکخراوەناحکومییەکانی کوردستان و عێراقدا هەیەو تا ئێستا ئەندامی (16) تۆڕە وە رابەرایەتی (8)یان دەکات.

چالاکیی و پرۆژەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت -CDO- لەلایەن زیاتر لە(40) ڕێکخراوەوەپشتیوانی کراون، لەوانە(10) ڕێکخراویان هاوبەشەکاری درێژخایەنن.

**ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت خەلاتی ئالتونی پێ بەخشرا لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ ، وەکو ڕێکخراوێکی چالاك لە هەرێمی کوردستان.**

## ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت - CDO کاردەکات لەپێناو:

· گەشەدان بەرەوشی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان و عێراقدا.
· بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنان، بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان و بەهێزکردنی پێگەی ژن لەنێو ژیانی سیاسیدا.
· بنیات نان و بەهێزکردن و بەگەڕخستنی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
· چاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و گیانی یەکتر قبوڵکردن لەنێو بیری خەڵکیدا، لەپێناو گۆڕینی کەلتوری توندوتیژیی و پەراوێزکردنی یەکتر بەدیموکراسییەت.
· دەستەبەرکردنی هاوکاریی یاسایی بۆ گروپەپەراوێزخراوەکان .

## بەشەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت - CDO :

1- بەشی مافەکانی مرۆڤ .

2- بەشی ژنان .

3- سەنتەری پارێزگاریی و هاوکاریی یاسایی.

4- سەنتەری ڕاهێنانی دیموکراسی.

5- سەنتەری هۆشیاریی مافی مرۆڤ بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ


**<u>ناونیشان :</u>**

**سلیمانی – شەقامی ڕاپەرین- خوار پارکی ئازادی - گەڕەکی ژمارە ( 103 )-شەقامی ژمارە ( 11 )- تەلاری ژمارە ( 1 )-** Tel: 3206703

Fax: 017202948297 - +964750-1113118 - Mobil: +964770-1556364

E-mail: madaniatcdo@yahoo.com
Website: www.cdo-iraq.org

# پێشەکی

جەنگەکانی سەر عێراق و نەهامەتیەکانی دوای جەنگ کاریگەری قووڵی بەسەر کۆی پێکهاتە و گەلانی عێراقدا هەبووە، بەتایبەتی گروپ و دەستە کۆمەڵایەتیە بێهێز و پەراوێز خراوەکان، لەوانەش کرێکاران و خاوەن داهاتە سنووردارەکان کە بارگرانی جەنگەکانی رابردوو و خراپی رەوشی ئەمنی ئێستای عێراق بە پلەی یەکەم کەوتۆتە سەر شانی ئەوانەوە. هەرچەندە کارکردن و مافی کرێکاران لە سایەی رژێمی پێشوو تێبینی زۆری لەسەر هەبووە، بەڵام دوای روخانی رژێمی بەعسیش لە عێراق، باری کرێکاران و چوارچێوەی یاسایی کارکردن و پاراستنی کرێکاران بەرەوپێشچونێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینوە ئەوە ئەگەر لە هەندێ باردا خراپتر نەبووبێت.

لە ئێستادا کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا لەبەردەم پێشێلکاری گەورەدان، بەچەشنێك مەترسی بۆ سەر سەلامەتی و ژیانی کرێکاران دروست کردوە و لە زۆربەی کاتەکانیش هەرەشەی دەرکردن لەسەر کار و نانبڕکردنیان تووشی راڕایی و ناسەقامگیری دەروونی کردوون، ئەمە سەرباری بۆشایی گەورەی یاسایی کە کرێکاران ناتوانن وەك قەڵغان بۆ پاراستنی مافەکانیان سەیری بکەن.

هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستانیش لەبەرامبەر رەوشی ئێستای کرێکاراندا تا ئەندازەیەکی زۆر بێهەڵوێست و بێدەنگن و هیچ شێوە هەوڵێکی رژدی فەرمیان لێ نەبینراوە بۆ باشترکردنی شوێنی کار و سەلامەتی کرێکاران و دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن بەپێی ستاندارتە نێودەوڵەتیەکان و چارەسەرکردنی کاری بێگرێبەست و کاری منداڵان و کرێکاری بیانی وئازادیی کاری سەندیکایی و...هتد، ئەمە سەرباری هەندێ رۆڵ بینینی خراپی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەم پێناوەدا بە تایبەتیش لە بەرتەسك کردنەوەی ئازادی کاری سەندیکاکانی کرێکاران و مافی کرێکاران لە پەیوەندی کردنی ئارەزوومەندانەیان بە سەندیکاکانیانەوە و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو سەندیکایانە و لاوازکردنیان لە رێگای جۆراوجۆرەوە، بەچەشنێك لە هەرێمی کوردستان ناتوانن بەبێ رەزامەندی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە سەردانی هیچ شوێنێکی کارکردن بکەن.

لە ماوەی رابردوودا بەشێك لە رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوەخۆییەکانی تایبەتمەندیش بە مافەکانی مرۆڤ، توانیویانە تیشك بخەنە سەر پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام سەرباری هەبوونی پێشێلکاری مەترسیدار و گەورە بۆ سەر مافی کارکردن و پاراستنی مافی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کەچی تا ئێستا هیچ شێوە چاودێری و دۆکیومێنتکردنێکی ئەو مافانە و پێشێلکاریەکانی نەکراوە. ئەمە لە کاتێکدا مافی کارکردن یەکێکە لە مافە سەلمێنراوەکانی مرۆڤ و پەیوەندیشە بە پەراوەکردنی چەندین مافی تر، هاوکات یەکێکیشە لەو مافانەی کە زۆرترین رێکەوتننامەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ دەرکراوە.

رێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و رێکخراوی CDO بە پێویستیان زانی چاودێری مافی کارکردن و رەوشی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو رێکخراوی هاوبەش بە هاوکاری

ڕێکخراوی NPA ی نەرویجی و لە ڕێگای تیمی ڕاهێنراوی تایبەتمەندەوە توانیان لە 8 مانگی ڕابردوودا پرۆسەی چاودێریکردنی مافی کار و مافی کرێکاران لە پارێزگاکانی " بەغدا ، هەولێر ، سلێمانی، کەرکوک، موسڵ، دهۆک" و لەچوارچێوەی پرۆژەی "چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ چڕ بکەنەوە.

سەرجەمی ئەو زانیاری و پێشێلکاریانەی لەماوەی 8 مانگی کاری مەیدانیدا لە لایەن تیمەکانی مەسەلله و CDO دۆکیومێنت و کۆکراونەتەوە لە دوو توێی ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستتان ڕاڤە و شیکار و بڵاو کراونەتەوە کە بەسەر چەند بابەت و تەورێکدا دابەش کراون. سەرجەمی ئەو زانیاریانەش بەچەند ڕێگا و ئامرازێکەوە دەستکەوتوون، لەوانەش:

- گفتوگۆی بەکۆمەڵ لەگەڵ کەسانی پەیوەندار بەمافی کار و کرێکاران.
- چاوپێکەوتن
- ڕاپرسی
- توێژینەوە لەکەیس
- سەردانی شوێنی کار و تێبینیکردن
- بەدواداچوون بۆ یاسا نێوخۆیی و جیهانییەکانی تایبەت بەکار و مافی کرێکاران.
- چاودێری ڕووماڵی میدیاکان لە پەیوەست بە مافی کار و ڕەوشی کرێکارانەوە.

ئەگەرچی ئێمە دەزانین کارکردن لە نێو ڕەوشی ناسەقامگیری عێراقدا بێ ئاستەنگ و بەربەست نییە، بەڵام نیگەرانیشین لەوەی تیمەکانمان لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بوونەتەوە کە هەندێکیان پەیوەندی بەڕۆتینی کارگێڕی و ڕێگەگرتن بووە لە تیمەکانمان لە کاتی سەردانیکردنیان بۆ هەندێك شوێنی کارکردن بەتایبەت کارگە گەورەو هەستیارەکان.

جگە لەم ئاستەنگانەش، سروشتی خودی بابەتەکە و ئامارەکان و پێناسەی کرێکار لە عێراقدا بۆ خۆی ئیشکالیەت و گرێ و گۆڵی هەیە، بە تایبەت لە پەیوەست بە ناسنامەی کرێکارانی کەرتی گشتی کە کراون بە فەرمانبەر و نەبوونی ئاماری دروست لە سەر کرێکاران لەعێراق و کوردستاندا بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوان و زانیاری تری پەیوەندیدار.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تیمەکانی مەسەلله و CDO لێبڕاوانە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بەجێهێنا و چالاکیەکانی ئەم پرۆژەیە بە شێوەی پێویست وەك خۆی جێبەجێکراون، دواترینیشیان ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستتانە کە بە هیوایین هەوڵێکی تر بێت لە پاڵ هەوڵەکانی تری باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە نێویشیاندا مافی کارکردن و سەلامەتی کرێکاران و پاراستنی مافەکانیان و بەرفراونکردنی ئازادی کاری سەندیکایی.

## تێبینی:

کارەکانی ئەم راپۆرتە لە30ی ئایاری 2012 کۆتایی پێهاتبوو. لەکاتی چاپکردنی ئەم راپۆرتەدا پەرلەمانی کوردستانی عێراق رۆژی 5ی حوزەیران ساڵی 2012 لە دانیشتنی ژمارە 22 دا هەموارکردنی یاسای ژمارە 39ی ساڵی 1971 ی عێراقی پەسندکرد کە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانە.بۆیە بە پێویستمان زانی پەیوەندی بکەین بە لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان و منداڵ لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانە و دەستکەوتانەی کە لەهەموارکردنی یاساکەدا بۆ کرێکاران دەستەبەرکراوە.

لەوبارەوە تیمی مەیدانی پرۆژەکە پەیوەندییانکرد بە بەڕێز عەبدولسەلام بەرواری سەرۆکی لێژنەکە و لەوەڵامدا گوتی" لەم هەموارکردنەدا هەوڵدراوە زۆرترین دەستکەوت و ماف بەکرێکاران بدرێت، لەوانە مافی کرێکاری ئافرەت لە مۆڵەتی دایکایەتی لەرووی ماوەومووچە و باشترکراوە. هەروەها ئەو کرێکارانەی کە خاوەن کاریان نیە ئەگەر خۆیان دەستەبەربکەن و بڕی 17٪ی پارەکەیان بدەن بە فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوە ئەوانیش سوودمەنددەبن لە ئیمتیازاتەکانی ئەو یاسایە".

لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی کرا بە بەڕێز سەردار رەشید ئەندامی هەمان لیژنەو پێی وابوو" یاساکە خراپ نیە و دەستکەوتی زیاتری تێدایە بۆ کرێکاران ،لەوانە:

*هەرکرێکارێك ئەگەر بەتەنهاش بێت ئەگەر خاوەن کاری هەبێت،دەستەبەردەکرێت.

*مافی بێکاری بۆ ماوەی 6 مانگ دەستەبەر کراوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە کارەکانیان لەدەستدەدەن و دەستەبەرکراون ،ئەوەش دەکرێت دوو شەش مانگی دیکە نوێ بکرێتەوە واتا تا ماوەی 18 مانگ زەمانەتی بێکاری دەکرێت.

*حکومەتی هەرێم بڕی30٪ سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران دابیندەکات،ئەوەش دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنان لەقازانجی کرێکاراندا.

هەرچەند ئەوانە هەنگاوی گرنگن بەئاڕاستەی راستدا ،بەڵام یەکێك لەگرفتەکانی ئەوەیە لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا زۆرجار گرفت لە جێبەجێنەکردنی یاساکان و چاودێرینەکردنێتی. جگە لەوەش لەبەر ئەوەی هێشتا گرفتی دیکە هەیە بەتایبەتی هەموارنەکردنی یاسای کاری عێراقی کە راستەوخۆتر و گشتگیرترە لەبواری کرێکارندا و چەندین کۆت و بەندی خستۆتە بەردەم مافەکانی کرێکاران. جگە لەوەی کە هێشتا یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆی بەشێوەیەکی تەندروست لە پرسی کرێکاری خاوەن کارنەبوو نەداوە و بگرە خۆشیان دەزانن کە ئەستەمە ئەو کرێکارانە 17٪ داهاتیان بدەن بۆ خۆ دەستەبەرکردن.لەکاتێکدا ئەو کرێکارانە رێژەیەکی زۆری پێکهاتەی کرێکاری کوردستان دەگرێتەوە.

بەگشتی هەموارکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانە لەوەتەی 20 ساڵەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا و تاقیکردنەوەیەکی ئاسان نیە جێبەجێکردنی.

## پێڕست

ڕەهەندە یاساییەکانی مافی کارکردن و پاراستنی مافی کرێکاران ................ل9

سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی...................................ل19

گرێبەستی کار........................................ل25

مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران..................................ل30

ئازادی کاری سەندیکایی بۆ کرێکاران...................................37

مافی کرێکاری ئافرەت.......................................ل48

بارودۆخی کرێکاری بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا...................ل55

# ڕەهەندە یاساییەکانی مافی کارکردن و پاراستنی مافی کرێکاران

## یەکەم: مافی کارکردن و پاراستنی مافی کرێکاران لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا

1- مافی کارکردن و پاراستنی مافی کرێکاران لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا

ڕەنگە هیچ مافێك لە مافەکانی مرۆڤ بە قەد مافی کارکردن نەچووبێتە نێو دۆکیومێنتە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، وەکچۆن یەکێك لە کۆنترین ئەو مافانەشە کە لە چوارچێوەی یاساییدا ڕێکخرابێت، بەجۆرێك مێژووی دەرچوونی یەکەم ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە کارکردن دەکەوێتە پێش مێژووی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەویش ڕێککەوتننامەی ژمارە یەکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیە کە لە کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی ناوبراودا لە 1919/10/29 تاوەکو 1920/1/27 لە واشنتۆن دەرچوە و تایبەت بووە بە دەستنیشان کردنی کاتژمێرەکانی کارکردنی کرێکاران. کە دواتر ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە دوای دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لەساڵی 1946 بوو بە دەستەیەکی تایبەتمەند ویەکەم دەستەی لەو شێوەیە لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا.

هەر لە ساڵی 1919 ـەوە تاکو ساڵی 2007 لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا 188 ڕێککەوتننامەو 199 پێشنیار و ڕاسپاردەی تایبەت بە مافی کارو پاراستنی مافی کرێکاران وڕێکخستنی لایەنە جیاجیاکانی کاروکرێکار دەرکردووە.

بەپێی ماددەی 2ی ڕێککەوتننامەی ژمارە یەکی ڕێکخراوی کار: "کاتژمێرەکانی کارکردنی کرێکاران ڕۆژانە 8 کاتژمێر و هەفتانە 48 کاتژمێر نابێت زیاتر بێت لەهیچ دەزگایەکی کارکردندا...). بەڵام دوای چەندین ساڵ ئەو ڕێککەوتننامەیە هەموارکرایەوە و کۆی کاتژمێرەکانی هەفتەیەك دیاریکرا بە 40 کاتژمێری کارکردن کە ڕۆژانە 8 کاتژمێر و لەهەفتەیەکدا 5 ڕۆژی کارکردن دەبێت.

لە ساڵی 1919 ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕێککەوتننامەی دووەمی دەرکرد کە بەڕێککەوتننامەی بێکاری ناسراوە، کە لە ماددەی 3 ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە: "وڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکەن وسیستەمێکیان بۆ دڵنیایی لە دژی بێکاری داناوە - لەسەر بنەمای ئەو مەرجانەی کە وڵاتە ئەندامە پەیوەندارەکان لەسەری ڕێکدەکەون، ڕێوشوێنی پێویست

دەگرنەبەر بۆ زامنکردن و دەستەبەرکردنی چاکەکانی دڵنیایی دژی بێکاری بۆ کرێکاری هەر وڵاتێك لە وڵاتانی ئەندام کە یەکسان بێت بەوەی بۆ کرێکاری وڵاتەکەی خۆی دابینکردووە".

ڕێککەوتننامەی سێیەمی ڕێکخراوەکەش کار لەسەر ڕێکخستنی کارکردنی ئافرەتان دەکات بەتایبەتی ڕێکخستنی مافی دایکایەتی و مۆڵەتی دایکایەتی. کە پاشان جارێکی دیکەو بەپێی ئاڵوگۆڕەکان لەساڵی 1952 گۆڕانکاری باشتری بەسەرداهات و مۆڵەتی کرێکاری ڕێکخست و مافەکانی دەستەبەرکرد. ڕێکەوتننامەی چوارەمیش تایبەت بوو بە ڕێگەگرتن لە کارکردنی شەوانەی ئافرەتان لە دامەزراوە پیشەسازیەکان جگە لەو دامەزراوانەی کە تەنها ئافرەتی تێدا کار دەکات. ڕێککەوتننامەکانی دواتریش لەبارەی تەمەنی کارکردن وقەرەبوکردنەوەی ڕووداوەکانی کارو کارکردنی هەرزەکاران بەشەوو کارکردن لەژێر زەویی و لەسەر پاپۆڕو گەشتەدەریاییەکان بوون.

لەساڵی 1947 بە دەرچوونی ڕێککەوتننامەی ژمارە 84 کە بە ڕێککەوتننامەی مافی گردبوونەوە و چارەسەرکردنی ململانێکانی کار لە هەرێمەکانی پەیوەندیدار ناسراوە، مافی کرێکاران پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، لە ماددەی 3 ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە: "هەموو ڕێوشوێنێکی کردارەکی دەگیرێتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەندیکاکانی کرێکارانی پەیوەندیدار بۆ گرێدانی ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ لەگەڵ خاوەنکارەکان یان ڕێکخراوەکانی خاوەن کارەکان".

هەرچەندە کە لەدەستووری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی لەدیباجەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئازادی کاری ڕێکخراوەیی ئامرازێکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارو بەرقەرارکردنی ئاشتی، بەڵام بۆ ڕێکخستنی ئەو مافە ڕێکخراوی کار لەساڵی 1948 ڕێککەوتننامەی ژمارە 87ی پەسندکرد کە تایبەتە بە ئازادی کاری سەندیکایی و مافی خۆڕێکخستن کە لەماددەی 2ی ئەو ڕێککەوتنامەیەدا دەڵێت ( کرێکاران و خاوەنکارەکان بەبێجیاوازی مافیان هەیە و بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت ڕێکخراو دابمەزرێنن و مافی پەیوەندیکردنیشیان پێوەهەیە بەمەرجێك پابەندی پەیڕەوی ئەو ڕێکخراوانە بن).

لەکۆی 188 ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، عێراق بەتەنها 61 ڕێککەوتننامەی پەسندکردووە کە بەداخەوە پابەندی بەشێکی زۆری بەند برگەکانیان نیە و تێبینی زۆر لەسەر پابەندیەکانی عێراق لەم ڕووەوە هەیە.

2- مافی کارو کرێکاران لە جاڕنامەو پەیماننامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا

لە ماددەی **23 ی** جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا مافی کارکردن بەمشێوەیە دەردەبڕێت: "**یەکەم: هەموو کەسێك مافی کارکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاری هەیە لەسایەی مەرجگەلێکی ڕەواو گونجاودا هەروەها مافی پاراستنیشی لە بێکاری هەیە.**

**دووەم: هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی مافی چوونیەکی هەیە. سێیەم: هەموو کەسێکی کارکەر مافی وەرگرتنی مووچەیەکی دادپەروەرانەی هەیە، مووچەیەك کە ژیانێکی شیاو ولەبار وەك مرۆڤێکی سەربەز بۆ خۆیی و**

**خێزانی دابینبکات و لەکاتی پێویستیشدا ئامرازی دیکە بخرێتەسەر بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی. چوارەم: هەموو کەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ماف دامەزراندن وبەئەندامبوونی سەندیکایی هەیە".**

لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسییەکانیش کە لە ساڵی 1966 بڕیاری لەسەردراوە، لە ماددەی 22دا باس لە ئازادی کاری سەندیکایی بەتایبەت بۆ کرێکاران دەکات و دان بەو مافەدادەنێت. لە خاڵی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: **"هەموو تاکێك ماف ئازادانەی هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە بە ماف دامەزراندنی سەندیکا و پەیوەندیپێوەکردنی لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی"**.

هەروەها لە خاڵی سێیەمی هەمان ماددەدا هاتوە: **"لەم ماددەیەدا هیچ حوکمێك نیە کە رێگە بدات بە وڵاتانی ئەندام لە رێککەوتننامەی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ساڵی 1948 لەبارەی ئازادی سەندیکایی وماف رێکخستنی سەندیکا، رێوشوێنی یاسایی بگرنەبەر یان یاسا بەشێوەیەك بەکاربهێنن کە لەو گرەنتییانە کەمبکاتەوە کە لە رێککەوتننامەکەدا هاتووە"**.

لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان کە لەساڵی 1966 لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەردراوە. لە دوای بەشی دووەم کە تایبەتە بە چوارچێوەی گشتی پابەندی دەوڵەتانی ئەندام لەم رێککەوتننامەیە، یەکەم مافێك کە رێککەوتننامەکە بڕیاری لێوە دەدات ماف کارکردنە، وەك ئەوەی لە ماددەی 6 دا **هاتووە: "1-** دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە دان بە ماف کارکردندا دەنێن، کە ئەوە دەگرێتەوە هەموو کەسێك ماف هەیە دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێندرێت کە بژێوەی ژیانی دابین بکات لەرێگەی کارێکەوە هەڵیدەبژێرێت یان ئازادانە پەسندی دەکات، رێوشوێنی پێویستیش دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئەو مافە. 2- پێویستە ئەو رێوشوێنانەی کە وڵاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیەدا دەیگرنەبەر بۆ دابینی پیادەکردنی تەواوی ئەم مافە رەخساندنی بەرنامەی ئاراستەو راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بگرێتەوەو بەشێوەیەك سیاسەت و تەکنیکێك بەکاربهێنرێت کە ببێتە هۆی وەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کە کرێکاری بەرهەمهێن لەسایەی ئەو مەرجانەی کە گەرەنتی ئازادییە سیاسی و ئابوورییە بنچینەییەکانی تاك بکات".

**هەروەها لە مادەی حەوتدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کەسێك ماف خۆیەتی مەرجەکانی کارێکی دادپەروەرانە و رازیکەرانەی هەبێت لە کارکردندا بەمشێوەیە :** "وڵاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە دان بەوەدا دەنێن کە هەموو کەسێك ماف کارکردنی رەوا و پەسندی هەیە کە بەتایبەتی ئەم خاڵانە لەخۆبگرێت: أ- دابینکردنی لانی کەمی پاداشت بۆ هەموو کرێکاران:

**1**ـ کرێیەکی رەوا و پاداشتێکی یەکسان لەبەرامبەر یەکسانی بەهای کارەکە بەبێ جیاکاریکردن، ئەوەش ئافرەتان بگرێتەوە بەتایبەتی دەبێت مەرجەکانی کارکردنی ئافرەتان لەوە کەمتر نەبێت کەپیاوان هەیانە و، هەمان ئەو کرێیە وەربگرێت کە پیاوان وەریدەگرن لەهەمان کاردا. **2**ـ ژیانێکی ئاسوودە بۆخۆیان و خێزانەکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیماننامەیە.

ب ـ بـارودۆخی کـارکردن کەفالـەتی سـەلامەتی و تەندروسـتی بکـات. ج ـ یەکـسانی هــەمووان لــە دەرفــەتی تەرقیــەکردن لــە نێوکارەکانیــان بــۆ پلەیــەکی بــەرزتری گونجــاو لەوەشــدا تــەنها ڕەچــاوی ســاڵانی خزمــەت و توانــست بکرێــت. د ـ پــشوودان و کــاتی بــەتاڵ و دیــاریکردنی گونجــاوی کاتــژمێرەکانی کــارکردن و مۆڵــەت وەرگرتنی وەرزی بەپارە،هەروەها پاداشتکردنەوەی ڕۆژانی پشووە فەرمییەکان"

**هەرچـی مـاددەی هەشـتەمە**، تایبەتــە بــە مــاف پێکهێنــان و کــارکردنی ســەندیکایی و چــالاکی ئازادانــەی ســەندیکا کرێکاریــەکان و مــاف مــانگرتن و نــارەزایی کــە تیایــدا هــاتووە: "**1**– وڵتــانی ئەنــدام لەئــەم پەیماننامەیــە بــەڵێن دەدەن بە کەفالەتکردنی ئەمانەی لای خوارەوە:

أ–مــاف هــەموو کەسـێکە کــە ســەندیکا دابمــەزرێنێت بەبەشـداری لەگــەڵ کەسـانی دیکــە و پەیوەنـدی بکـات بــەو ســەندیکایەی کــە هەڵیدەبــژێرێت بــەبێ بەربەســت جگــە لەرێــساکانی خــودی ڕێکخــراوە دیاریکراوەکــە بــە ئامـانجی بەرژەوەنـدی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و پاراسـتنیان.ناکرێـت ئـەو مافـە بخرێتـە ژێـر هـیچ بەربەسـتێکەوە جگـە لـەو بەربەسـتانەی کـە بەیاسـا دادەنـرێن و بەشـێکن لـە ڕێوشـوێنی پێویـست لـە کۆمـەڵگای دیموکراسـی بـۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستەمی گشتی یان پاراستنی ماف کەسانی دیکە و ئازادییەکانیان.

ب–مــاف ســەندیکاکان لــە دامەزرانــدنی یەکێتییــەکان یــان یــەکێتی هاوپــەیمانێتی نەتــەوەیی و مــاف ئــەو یەکێتییانە لە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەندیکایی نێودەوڵەتی و پەیوەندی پێوەکردنیان.

ج–ماف سـەندیکاکان لـە ئەنجامـدانی چـالاکییەکانی بـە ئـازادی ،جگـە لـەو بەربەسـتانەی کـە بەیاسـا دادەنـرێن و بەشـێکن لـە ڕێوشـوێنی پێویـست لـە کۆمـەڵگای دیموکراسـی بـۆ پاراسـتنی ئاسایـشی نەتـەوەیی یـان سیـستەمی گشتی یان پاراستنی ماف کەسانی دیکە و ئازادییەکانیان.

د–ماف خۆپیشاندان ،بەمەرجێك پیادەکردنی لەچوارچێوەی یاسای وڵاتەکەدا بێت.

لـە خـاڵی 3 ی هـەمان مـاددەدا هـاتووە ( **لـەم ماددەیـەدا هـیچ حوکمێـك نیـە کـە ڕێگەبـدات بـە وڵاتـانی ئەنـدام لــە ڕێککەوتننامــەی ڕێکخــراوی کــاری نێودەوڵــەتی ســاڵی 1948 لــەبارەی ئــازادی ســەندیکایی ومــاف ڕێکخـستنی سـەندیکا ،ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرنەبـەریان یاسـا بەشـێوەیەك بـەکاربهێنن کـە لـەو گرەنتییانـە کەمبکاتەوە کە لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە).**

بـەڵام لـەماددەی 9 دا هـاتووە: " وڵاتـانی ئەنـدام لـەم پەیماننامەیـەدا دان بـەماف هـەموو کەسـێك دەنـێن مـاف بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە لەنێوانیشیدا ماف دابینی کۆمەڵایەتی"

**جگــە لــەم ســێ دیکۆمێنتــە گرنگــەی** نەتەوەیــەکگرتووەکان، بایــەخی مــاف و ئــازادی کــار و مــاف کرێکــاران لەچــەندین پەیماننامــە و ڕێکەوتننامــەی تــری جیاجیــادا دەرکــەوتووە، لەوانــەش **<u>ڕێککەوتننامــەی نەهێــشتنی هــەموو جـۆرە جیاکارییـەك لـەدژی ئافرەتـان ـ سـیداو ـ</u>**، کـە زیـاتر کـار لەسـەر نەهێـشتنی جیاکـاری دەکـات لـە بـواری مـاف کـارکردن لـەنێوان ڕەگەزەکانـدا. بەتایبـەتی لـە مـاددەی 11ی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەدا هـاتووە: "**1 ـ وڵاتـانی ئەنـدام هـەموو ڕێوشـوێنێك دەگرنـە بـەر بـۆ نەهێشتنی جیاکـاری لـەدژی ئافرەتـان لـە بـواری کـارکردن لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ پیاودا بەجۆرێك کە هەمان ماف بۆ دابینبکرێت، بەتایبەتی:**

**أ– ماف کارکردن بەوپێیەی کە مافێکی چەسپاوە بۆ هەموو مرۆڤەکان.**

**ب– ماف دەستڕاگەیشتن بە هەمان هەلی کارکردن و جێبەجێکردنی یەك پێوەر لە کاروباری کارپێکردن.**

**ج– ماف هەڵبژاردنی پیشە وجۆری کار، ماف تەرقیە و دڵنیابوون لە هەموو ئیمتیازات و مەرجەکانی خزمەت ومافی ڕاهێنان ودووبارە ڕاهێنانی پیشەیی وەك فێرکردنی پیشەیی وراهێنانی پیشەیی پێشکەوتوو وراهێنانی بەردەوام.**

**د– ماف کرێی یەکسان،وەك یەکسانی لە هەڵسووکەوتی کارکردن لەو کارانەی کە هەمان بەهایان هەیە و،یەکسانی لە هەڵسەنگاندنی جۆری کارکردن.**

**هـ– ماف چاودێری کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەکاتی خانەنشینبوون و بێکاری و نەخۆشی و لەپیکەوتن وپیربوون وحاڵەتی دیکە نموونەی نەبوونی توانستی کارکردن و ماف مۆڵەت وەرگرتنی بەپارە.**

**و– ماف پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی بارودۆخی کارکردن لەوانە پارێزگاریکردن لە پرۆسەی مندالْ بوون.**

لەبارەی کرێکاری کۆچبەرو کرێکارێك کە خەڵکی خودی ئەو وڵاتە نەبێت، **<u>ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان کە بەبڕیاری 158/45ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1990 پەسەندکراوە</u>، کە لە ماددەی 15 دا هاتووە:**
"کرێکاری کۆچبەرو تاکەکانی خێزانەکەی بە زۆر بێبەش ناکرێن لە موڵك و ماڵیان جا موڵکی تاکە کەسی بێت یان بە هاوبەشی بێت لەگەڵ خەڵکانی دیکە. ئەگەر دەستبەسەر موڵکی کرێکارە کۆچبەرەکە یان موڵکی یەکێك لە تاکەکانی خێزانەکەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتەی کاری تێدادەکات، ئەوە کەسی پەیوەندار مافی ئەوەی هەیە قەرەبوی ڕەواو پێویست وەربگرێت". بەڵام لە ماددەی 20 هاتووە: "1 ـ نابێت کرێکاری کۆچبەر یان ئەندامێکی خێزانەکەی زیندانی بکرێن تەنها لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پابەندبێت بە گرێبەستێکەوە. 2 ـ نابێت کرێکاری کۆچبەر یان یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەی بێبەشبکرێن لە ڕێگەپێدانی نیشتەجێبوون یان ڕێگەپێدان بەکارکردن یان دەرکردنی لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پابەندبێت بە گرێبەستی کار مەگەر پابەندبوون کرابێتە مەرجی ئەو مۆڵەت و ڕێگەپێدانە". هەرچی ماددەی 25 ی ئەم ڕێککەوتننامەیە تیایدا هاتووە: "1 ـ کرێکارانی کۆچبەر هەمان ئەو مامەڵەیەیان لەگەڵدا دەکرێت کە وڵاتی کارکردنی لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆی دەیکات لەرووی کرێ و هەروەها لەبارەی ئەم شتانەی لای خوارەوە:

أ– مەرجەکانی دیکەی کار واتا کرێی کاری زیادە و کاتژمێرەکانی کار و پشووی هەفتانەو ڕۆژانی پشووی پارەدراو سەلامەتی و تەندروستی و کۆتاییهێنانی پەیوەندی بەکارهێنان و مەرجەکانی دیکەی کار کە لەچوارچێوەی ئەم زاراوەیەدایە بەپێی یاسای نیشتمانی و پیادەکردنی نیشتمانیدا.

ب–مەرجەکانی دیکەی بەکارهێنان،واتا تەمەنی ڕێگەپێدروا بۆ کارکردن و بەربەستە سەپێندراوەکانی سەر کار لەماڵان وهەر پرسێکی دیکە کە یاسای نیشتمانی و پیادەکردنی نیشتمانی بەمەرجێك لە مەرجەکانی بەکارهێنان ئەژماری بکات".

**بەڵام لە ماددەی 26 دا هاتووە:** " 1 ـ وڵاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە دان دەنێن بە مافی کرێکارانی کۆچبەر و تاکەکانی خێزانەکانیان لە:

أ–بەشداریکردن لە کۆبوونەوەو چالاکی سەندیکاکانی کرێکاران و هەر کۆمەڵەیەکی دامەزراو بەپێی یاسا،بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بەرژەوەندییەکانی دیکە و،تەنها ملکەچ دەبن بۆ پەیڕەوەکانی ئەو ڕێکخراوە پەیوەندارانە.

ب– ئەو سەندیکایانەبە ئازادانە پەیوەندی بکەن بە هەر سەندیکایەك یان هەر کۆمەڵەیەك و،تەنها ملکەچ دەبن بۆ پەیڕەوەکانی ئەو ڕێکخراوە پەیوەندارانە.

ج–وەرگرتنی یارمەتی و هاوکاری لەهەریەکێك لەو سەندیکاو لەو کۆمەڵانەی کە پێشوترباسیان لێوەکرا.

2– نابێت هیچ بەربەستێکبخرێتە بەردەم ئەم مفافانە تەنها ئەو بەربەستانە نەبێت کە بە پێی یاساو لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسی لەپێناوی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی گشتی و پاراستنی مافی ئەوانی دیکە و ئازادییەکانیان".

**لە ماددەی 27 یشدا هاتووە:** "1 ـ ئەوەی پەیوەندی بە بیمەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە،کرێکاری کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکەی لەو وڵاتەی کاری تێدا دەکەن وەك کرێکارانی خودی دەوڵەتەکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ئەگەر مەرجە یاساییە کارپێکراوەکان و پەیماننامە دوو قۆڵییەکان و هەمەلایەنە کارپێکراوەکان ئاماژەیان بۆ کردبوو. دەسەڵاتدارانی وڵاتی ڕەسەنی کرێکارەکەو وڵاتی کارکردنی لەهەر کاتێکدا دەتوانن ڕێوشوێن و ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە دابنێن. 2 ـ لەو بارودۆخانەی کە یاسا کارپێکراوەکان ڕێگە نادات کرێکاری کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەو دەستکەوتانە بەدەستبهێنن، وڵاتی پەیوەندار دەتوانێت بڕی ئەو بەشدارییە ببەخشێتە کەسە پەیوەندارەکان کە بەو ئەو دەستکەوتە بەشدارییان پێکردبوو ،لەسەر ئەو بنەمایەی کە مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی خۆی دەکات کە لەهەمان بارودۆخدان".

**عێراق ڕەزامەندی دەربڕیووە لەسەر هەریەك لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسییەکانی ساڵی 1966 و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیرییەکانی ساڵی 1966 و ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ئافرەتان ـ سیداو ـ ، تەنها ڕەزامەندی دەرنەبڕیووە لەسەر ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان** کە لە ساڵی 2003 وە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**دووەم : مافی کارو کرێکاران لە بەڵگەنامە هەرێماریەتییەکاندا**

ڕێکخراوی کاری عەرەبی یەکێکە لەڕێکخراوەکانی سەر بە کۆمکاری عەرەبی و هاوشێوەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەستەیەکی تایبەتمەندە و نوێنەرایەتی کردن تیایدا سێ لایەنەیە "نوێنەری وڵات و نوێنەری کرێکاران و نوێنەری خاوەن کار". وڵاتانی عەرەبیش ئەندامی ئەو ڕێکخراوان. ڕێکخراوی کاری عەرەبی لە ساڵی دامەزراندنیەوە تا ئێستا 19 ڕێککەوتننامەی دەرکردوە جگە لە دەرکردنی زیاتر لە 10 راسپاردە بە ئامانجی ڕێکخستنی کارو سەلامەتی کرێکارو مافی کاری سەندیکایی و ...تد. عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەندامە لەو ڕێکخراوە هەرێمایەتییەدا و لەکۆی 19 ڕێککەوتننامە 16ی پەسند کردووەو رازی بووە لەسەریان.

یەکێك لەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق پەسندی نەکردووە لە ڕێکخراوی کاری عەرەبی ڕێککەوتننامەی ژمارە 5 کە تایبەتە بە ئافرەتی کرێکار و لەماددەی یەکەمی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە: **"پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت یەکسانی دابینبکرێت لە هەموو یاساکانی کار، هەروەها پێویستە ئەم یاسایانە هەموو حوکمە ڕێکخراوەکان بۆ کارکردنی ئافرەتان لەخۆ بگرێت ئەوەش لەهەموو کەرتەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لەکەرتی کشتوکاڵ".**

لەبارەی کرێی کاریشەوە لە ماددەی 3 ی هەمان ڕێککەوتننامەدا هاتووە: **"پێویستە کاربکرێت بۆ گەرەنتیکردنی یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو مەرج و بارودۆخی کارکردندا، هەروەها گەرەنتیکردنی هەمان کرێ بۆ ئافرەتان وەك ئەوەی پیاوان وەریدەگرن لە بەرامبەر هەمان کار".**

یەکێکی دیکە لەو ڕێککەوتننامانەی کاری عەرەبی کە عێراق پەسندی کردووە ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەییە. لە ماددەی 5ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە: **"پێویستە کاربکرێت بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و بەدەستهێنانی بارودۆخێکی مرۆیی بۆ کارێکی سەلامەت لەڕێگەی:**

**أ - پاراستنی کرێکار لە مەترسییەکانی کارو ئامێرەکان و پاراستنی لە زیانە تەندروستییەکان.**

**ب - دانانی مەرجی لەبار بۆ باشترکردنی ژینگەی کارو ئامرازی کارکردن.**

**ج - لەبەرچاوگرتنی وەدیهاتن لەنێوان جۆری کارو بارودۆخەکەی لەگەڵ کەسانی راسپێردراو بە ئەنجامدانی لەرووی تەندروستی و هونەرییەوە.**

**د - هوشیار کردنەوەو راهێنانی کرێکاران لەسەر سەلامەتی و دەستەبەرکردنی ئامێرەکانی خۆپاراستنی کەسێتی و راهێنانی کرێکاران لەسەر بەکارهێنانی.**

**هـ - ڕێگەگرتن لەو زیانانەی کە بۆی هەیە لەرووی تەندروستییەوە یان کۆمەڵایەتییەوە لە ئەنجامی کارکردن رووبەرووی کرێکاران ببنەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی و چارەکردنی لێکەوتەکانی.**

**و ـ پاراستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە بینا وئامێرو کەرەستەکان و هی دیکە.**
**لەیاسای هەر وڵاتێکدا حوکمە پێویستەکان بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕێوشوێنانە دیاریدەکات.**
یەکێك لەو ریککەوتننامە گرنگانەی دیکە کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی کاری عەرەبیدا پەسند کراوەو عێراق دەبێت پابەندی برگە و ماددەکانی بێت ڕێککەوتننامەی ژمارە 8 کە تایبەتە بە کاری سەندیکایی و ئازادی کاری سەندیکایەوە.
لەماددەی یەکەمی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە: **"هەریەك لە کرێکاران و خاوەن کار لە هەر کەرتێکدا کاربکەن دەتوانن لە نێوان خۆیاندا و بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت ڕێکخراو پێکبهێنن یان پەیوەندی پێوەبکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان و کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتیان بکات و نوێنەرایەتییان بکات لەبەردەم لایەنە جیاجیاکان و بەشداری بکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و وەدیهێنانی ئەو پلانانەی کە ئامانجی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە".**
لەماددەی 3 ی هەمان ڕێککەوتننامەدا هاتووە: **"ڕێکارەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی کرێکاران یان ڕێکخراوەکانی خاوەن کار تەنها ئەوەیە کە بەڵگەنامەکان پێکهێنانی بەلایەنی پەیوەندیدار دەسپێرێت، یاسا لایەنی پەیوەندیدار و شێوازی سپاردن دیاری دەکات بە بێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی بخاتە بەردەم".**

لەماددەی 4ی یاساکەدا هاتووە: **"ڕێکخراوەکانی کرێکاران یان خاوەنکارەکان تەنها بەسپاردنی بەڵگەنامەکانیان دەست بەچالاکییەکانیان دەکەن".**
هەرچەندە عێراق لەساڵی 1978 دوە ئەو ڕێککەوتننامەیەی پەسندکردووە بەڵام لە ساڵانی هەشتاکانەوە تا ئێستاش گەورەترین بەربەست دەخاتە بەردەم ئازادی کاری سەندیکایی و هیچ پابەند نیە بەو ڕێککەوتنامانەی پەسند و ئیمزای کردون.

**<u>سێیەم: مافی کارو کرێکاران لە بەڵگەنامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا</u>**

پرسی مافی کار و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و پاراستن لە بێکاری و مافی کرێکاران لەدەستووری هەمیشەیی عێراقدا بەچەندین ماددە چارەسەر کراوە، لە ماددەی 22 دا هاتووە:" یەکەم : کارکردن مافی هەموو عێراقییەکانە بەجۆرێك کە ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات. دووەم: یاسا پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار ڕێکدەخات لەسەر بنەمای ئابووری و بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. سێیەم: دەوڵەت مافی پێکهێنانی ڕێکخراوو یەکێتیە پیشەییەکان و بوون بە ئەندام تێیاندا دەپارێزێت،ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت".
هەرچی ماددەی 24 ی دەستوری هەمیشەیی عێراقە تیایدا هاتووە:" دەوڵەت ئازادی گواستنەوە بۆ کرێکار و شمەك و سەرمایەداران دەستەبەردەکات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکاندا ،ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت".

بەڵام لە ماددەی 30 و لە خاڵی دووەمە هاتووە: "دەوڵەت چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ عێراقییەکان دابین دەکات لەکاتی پیربوون و نەخۆشی و بێتوانایی کارکردن و ئاوارەبوون و هەتیوکەوتن و بێکاریدا،هەروەها خزمەتگوزاری دڵنیایی کۆمەڵایەتی(التأمين الاجتماعي)یان بۆ دابین دەکات و کاردەکات بۆ پاراستنیان لە نەخوێندەواری و ترس و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و پرۆگرامی تایبەتیان بۆ دەستەبەر دەکات بەمەبەستی ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنیان ،ئەمانەش بە پێی یاسا رێکدەخرێن".

**لەڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا** بەتایبەتی لەبەشی دووەمی تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا و لەماددەی 24 خاڵی سێیەمدا هاتووە: "**هەموو کەس مافی بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەتی لەکاتی دایکایەتی و نەخۆشی بیکاری و پێکان و پەککەوتوویی و لەدەستدانی سەرچاوەی گوزەران ،کە بەهۆیەکی بەدەر لەویستی خۆیەوە بێ ، و لە حاڵەتی پیری و لانەوازەییدا**".

لەخاڵی چوارەمی هەمان ماددەدا هاتووە: "**کەس ناچار ناکرێت کارێك یان فەرمانێك بەبێ خواهیشتی خۆی ئەنجامبدات**". لە خاڵی پێنجەمی هەمان ماددەدا روونتر لەبارەی مافی کرێکارانەوە دەدوێت و تیایدا هاتووە: " **کرێکار مافی ئەوەی هەیە بۆ کاری یەکسان هەقدەستی یەکسان وەربگرێ و بە یاساش پەیوەندی نێوان کرێکار وخاوەن کار لەسەر بنەماکانی ئابووری رێکدەخرێ، لەگەڵ رەچاوکردنی رێساکانی دادپەروەری و کۆمەڵایەتی**".

**هەرچی پەیوەندی هەیە بە رێکخستنی یاساییانەی کارەوە، لە عێراقدا بەتەنها** یاسای کاری ژمارە 71ی ساڵی 1987 هەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان و عێراق کار بۆ هەموارکردنەوەی دەکرێت بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و جیهان لەسەر ئاستی ماف کارو ئازادیی کاری سەندیکایی.

هەرچەندە عێراق رەزامەندی داوە لەسەر ئازادیی کاریی سەندیکایی لە ئاستی نێودەوڵەتی و عەرەبی و لەم روەوە چەندین رێککەوتننامەی پەسندکردووە، بەڵام لەساڵی 1987 و بەبڕیاری 150 ناونیشانی هەموو کرێکارانی کەرتی حکومی گۆڕی بۆ فەرمانبەر و بەمەش لە کەرتی گشتیدا رێگری کرا لەدامەزراندنی سەندیکای کرێکاران و پەیوەندیپیوەکردنی. لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و بەتایبەتی لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا بڕیاری ژمارە 16 لە 27ی کانوونی دووەمی 2004 دەرچوو کە بەپێی ئەو بڕیارە داننرا بە یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق وەك تاکە نوێنەری کرێکاران کە ئەو سەندیکایەش بەرەییەو لەسەر بنەمای نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان دامەزراوە.

بەپێی خاڵی یەك لە ماددەی 2 لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەت هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردنی بەهای مرۆییانەی کار و پشتیوانی و چاودێری کردنی، بەپێی خاڵی دوو لە هەمان ماددەدا وەزارەت کار دەکات لە پێناو ئەوەی سەرجەم کرێکاران بیمەی

کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە و چاودێری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ خۆیان و بۆ خێزانەکانیان مسۆگەر بکرێت.
بەڵام لە خاڵی 11 دا هاتووە: "پێشکەش کردنی کۆمەکی دارایی پێویست بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان نیە و هیچ سەرچاوەیەکی تری بژێویان نییە". لە خاڵی 19 شدا هاتووە: "ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کرێکاران و خاوەن کارەکانیان و کارکردن لەسەر دەرکردنی یاسای پێویست بۆ ئەم مەبەستە".
بەپێی ماددەی چواری یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتی ناوبراودا ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت کە بەپێی خاڵی 5، 8،7 هەر یەکە لە نوێنەری سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و نوێنەری خاوەن پێداویستە تایبەتەکان ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن.
بەپێی خاڵی یەکەم لە ماددەی 3 لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵی عێراق، ئامانج لە دەرکردنی یاسای ناوبراو بریتیە لە: "بەرجەستەکردنی بەهای مرۆییانەی کارکردن بەو پێیەی کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەو پێیەش کە کارکردن ماف و ئەرکێکی نیشتیمانیە". بەڵام لە خاڵی دووەم هەمان مادەدا هاتووە: "دیاریکردنی لایەنی کەمی کرێ بەچەشنێك داهاتێکی گونجاو بۆ ژیانێکی شکۆمەند دابین بکات". بەڵام خاڵی چوارەمی تایبەتە بە دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم کرێکاران و خاڵی 5 تایبەتە بە سەلامەتی پیشەیی و پاراستنی کرێکارانەوە.
بەهەمان شێوەی یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەی 6 لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵی لە ناو وەزارەت ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت کە بە پێی خاڵی 7 ئەو ماددەیە دەبێت نوێنەری یەکێتیە گشتی سەندیکاکانی کرێکاران ئەندام بێت لەو ئەنجومەنە. بەڵام بەپێی ماددەی 13 لە یاسای ناوبرا، لە فەرمانگەی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی سندوقێك بۆ کرێکاران دادەمەزرێت بەناوی سندوقی بیمە و خانەنشینی کرێکاران کە داهاتەکانی ئەم سندوقە لە داهاتەکانی فەرمانگەی ناوبراوەوە دەبێت.
سەرباری هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام هیچ یاسایەك بۆ ڕێکخستنی کاروباریان نییە، تەنها لەهەرێمی کوردستان لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی چەند ڕێنماییەك دەرچووە بەتایبەتی ڕێنمایی ژمارە (1)و پاشان ڕێنمایی ژمارە (2) بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەمافی ئەو کرێکارنە ناکات.

# سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی

" برادەرێکمان بلۆك بە سەر پێیدا کەوتە خوارەوە وپێی شکا و زیاتر لەمانگێك بەبێ پارە لەماڵەوە کەوت و کەسیش لێی نەپێچایەوە، سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی لە کوێ پارێزراوە؟ من خوا خوامە رۆژێك کارێکم دەستکەوێت و بژێوی خێزانەکەمی پێدابین بکەم، بۆ سەلامەتی و تەندروستی خۆم دەستکێشم کڕیوە بۆ ئەوەی دەستم لە چیمەنتۆ بپارێزم، بۆ منیش سەلامەتی هەرئەوەندەیە، خۆ ئەگەر شتێکم بەسەردابێت بەخوا کەس لێم ناپرسێت"
ئەمە لێدوانی "ح.ع" بوو کە کرێکارێکی بیناسازیە و لەگەڵ خێزانە 7 کەسیەکەیدا لە بەغداد دەژیت.

مەبەست لە سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی پرۆسەیەکە بۆ رێگەگرتن لە رووداوی کارەسات و رووداوی نەخوازراو لە کات و لە شوێنی کارکردن کە ئەگەری زیان گەیاندن دەبێت بە سەلامەتی کرێکاران، بەدیوێکی تر رێگەگرتن و دانانی بەربەستە لەبەردەم ئەو مەترسییانەی کە لە ئەنجامی کار و ئامێرەکانی کار و ژینگەی کار دەکەوێتەوە، کە ئەمەش (دابینکردنی جل وبەرگی تایبەت و چاویلکە و دەستکێش و پووت و جزمە و کڵاو و هەبوونی ئاگرکوژێنەوە و دەرمانخانەی بچووك و دابینکردنی تواڵێتی خاوێن و گرنگیدان بە پاك و خاوێنی ناو کارگە و ئاووهەوای کارگەکە و بەربەستکردنی ژاوەژاو و دابینکردنی هۆکارەکانی گەرمی و ساردی و کەرەستەکانی کارکردنی تەندروست و راهێنانی کرێکاران لەسەر کارپێکردنی ئامێرەکان و هۆشیارکردنەوەیان لە مەترسییەکان و هەبوونی رێنیشاندەری نێو کارگەکان و دیاریکردنی دەرگاکانی دەربازبوون لەکاتی مەترسی و...تد) دەگرێتەوە.
لەگەڵ ئەوەی لە عێراقدا نزیکەی 25 یاساو بڕیار و رێنمایی تایبەت بەسەلامەتی پیشەیی و تەندروستی بە تەنها لە نێوان ساڵانی 1968-2006 دەرکراون، بەڵام بەهۆی کارانەبوونیانەوە هیچ کاریگەریەکی پۆزەتیڤیان لەسەر سەلامەتی و تەندروستی کرێکارانەوە لە کاتی ئیش کردنیانەوە دروست نەکردوە و تا ئێستاش زۆرترین کارەسات و پێشێلکاری لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی روودەدەن کە لە هەندێ حاڵەتدا بوەتە هۆی مردن یان پەککەوتەیی کرێکاران بەبێ ئەوەی هیچ شێوە قەرەبویەکیش بکرێنەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە شوێنی کارکردندا.
بەپێی راپۆرتە پزیشکیەکانی پزیشکی دادی سلێمانی لە ساڵی 2011 دا زیاتر لە 150 کەس بەهۆی نەبوونی سەلامەتی پیشەیی لەشوێنی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە و بە تەنها لە ماوەی دوو مانگی یەکەمی ساڵی 2012 لەسنووری پارێزگای سلێمانی 10 کرێکار بەهۆی نەبوونی سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە.

بەردەوامی ئەو کارەسات و ڕووداوە مەرگبارانەی کرێکاران بووە هۆی ئەوەی لە 28 ی نیسانی 2012 دا لە پارێزگای سلێمانی ڕێپێوانێکی ناڕەزایی کرێکاران لە بەرامبەر نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی پیشەیی ئەنجامبدرێت.ئەمە سەرباری بەشداری ژمارەیەکی زۆرەی کرێکاران و بێکاران لە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی پاردا وەك لە ڕووماڵ و ڕیپۆرتە میدیاییەکان دەردەکەوت.

سەرباری کەموکوڕی و جێبەجێنەکردنی یاسا پەیوەندارەکان بە کاروکرێکارانەوە، بۆشاییەکی گەورەی یاسایی هەیە لە زامنکردنی سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی بۆ بەشێکی زۆری کەرتەکانی کارکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، لەوانەش:

1- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی لە کەرتی گشتیدا.

2- سەلامەتی تەندروستی وپیشەیی بۆ کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ.

3- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی بۆ کەرتی کرێکارانی ماڵان.

4- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی لە کەرتی پڕۆژە بچووکەکاندا.

5- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی بۆ کرێکارانی بیانی.

6- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی بۆ کرێکارانی کاتی.

7- سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی بۆ کرێکارانی کەرتی بیناسازی.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە عێراق زۆرینەی دەستی کار لە ئێستادا لەم کەرتانەی سەرەوە کاردەکەن، بەتایبەتی دوای نەمانی کارگە گەورەکان لە دوای جەنگەکانی کەنداو، بەمەش بەشی هەرە زۆری کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەبێ زامنی یاسایی تەندورستی و سەلامەتی کار، ئیش دەکەن کە ئەگەری هەیە لەهەر پێشهاتێکی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی مەرگ و پەکەوتەیی و زامداربوون و ئازارپێگەیشتن و نەخۆشکەوتن ببنەوە.

بەپێی ئەو زانیاریە مەیدانیانەی دەست تیمەکانی پرۆژەکەمان کەوتوون، هۆشیاری کرێکاران بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی کار و مافی پاراستنیان لە مەترسیەکانی کارکردن لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و لە زۆربەی کاتەکاندا کرێکار بێئاگایە لەوەی پێویستە لەسەر خاوەن کار مەرجی تەندروستی و پاراستن و سەلامەتی بۆ کرێکارەکانی دابین بکات، تەنانەت ئەگەر بخوازیت پرسیارێك لەوبوارەدا لەکریکاران بکەیت دەبێت زۆر بەوردی بۆی شیبکەیتەوە تاوەکو تێدەگات مەبەست لە سەلامەتی پیشەیی چیە؟ ئەوەش لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە **سەلامەتی پیشەیی و تەندروستی لای زۆربەی کرێکارانی عێراق و کوردستان وەك ماف تەماشاناکرێت**

لەم ڕووەوە سەندیکاکانی کرێکاران و وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندارەکانی حکومەت تا ئەندازەیەکی زۆر کەمتەرخەمن.

لەیەکێك لە پرسیارەکانی فۆکەس گروپەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە شاری موسڵ کرێکارێك گوتی" سەلامەتی پیشەیی چییە؟ من و سەدانی وەکو من بۆ کارکردن دەچینە شارێکی دیکە بەڵکو بتوانین کاربکەین و بەهەموو شتێك ڕازین جاری وا هەیە ئێمە کاری وادەکەین زۆر مەترسیدارە،چەند ڕۆژێك پێش ئێستا چووبوومە هەولێر بۆ کارکردن کرێکارێك زیاتر لە 10 بلۆك کەوتە سەری و بردیانە نەخۆشخانەو هەموو لەشی شکابوو،ئەگەر ئەوە سەلامەتییە هەرباسی مەکە، ئێمە خەتای خۆمانە".

کرێکارێك کە ئێستا لە چێشتخانەی (ر) لە سلێمانی کاردەکات و ناوی (پ) گوتی (من پێشتر لە کۆمپانیایەك ئیشم ئەکرد، لەو کۆمپانیایە رۆژێکیان تووشی رووداوی سەیارە بووین و بریندار بووین و زیانم زۆر پێگەشت کە بەهۆیەوە نەشتەرگەریشم بۆ کرا، بەڵام دائیرەی زەمان هیچ قەرەبوویەکیان بۆ نەکردمەوە و پارەی عەمەلیاتەکەش لەسەر خۆم بوو، لەو کاتەشدا کەس لە سەندیکای کرێکارانەوە سەردانی نەکردین و لە کۆمپانیاکەش وتیان دوای چەند رۆژێك نەیەیتەوە غایب ئەدرێیت و نەشمتوانی بچمەوە و غایب درام).

جێـی دڵخۆشـیە کـە وەزارەتـەکانی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی عێـراق و هـەرێمی کوردسـتان چـەندین پـشکنەر و چـاودێریان دامەزرانـدوە تـا چـاودێری مەرجـەکانی سـەلامەتی بکـەن لـە شـوێنەکانی کارکردنـدا، بـەڵام بـەپێی زانیـاری ئێمـە ژمـارەی ئـەو پـشکنەر و چـاودێرانە لەعێراقـدا لـە 150 پـشکنەر تێپـەڕ ناکـا، کـە ئـەرکیان سـەردانیکردنی شـوێنەکانی کـارکردن ودڵنیابوونـەوە و جەختکردنەوەیـە لەسـەلامەتی تەندروسـتی و پیـشەیی شـوێنەکانی کـار، سـەرباری کـەمی ژمـارەی ئـەو چـاودێر و پـشکنەرانە، هاوکـات تێبـینی زۆر لەسـەر شـێوازی کـارکردن و ئـەدای کارەکانیـان هەیـە، بـەپێی زانیاریـە مەیدانیـەکانمان بەشـێکی ئـەو پـشکنەرانە لـە لایـەن خـاوەن کارەکانـەوە کـۆنترۆڵ کـراون لـە رێگـای پێـدانی بـەرتیل و تێوەگلانیـان بـە گەنـدەڵی، بەمـەش هـەرگیز نـاتوانن لێپێـچینەوە لـە سەرپێـچیەکانی ئـەو خـاوەن کارانـە بکـەن لەسـەر پابەنـد نـەبوونیان بـە مەرجـەکانی سـەلامەتی کـارکردن و تەنروسـتی پیـشەیی، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە پـشکنەرەکان نـاتوانن سـەردانی هـەموو کارگـە و شـوێنێکی کـارکردن بکـەن و ئـەو شـوێنانەی بۆیـان هەیـە سـەردانیان بکـەن سـنوردار و دیـاریکراون، بۆیـە هـەموو ئـەم هۆکارانـە رۆڵـی ئـەو پـشکنەر و چـاودێرانەی سـنوردار و بـێ بایـەخ کـردوە.، بەتایبـەتی کەرتـە هەسـتیارەکان لەوانـەش سـەردانیکردنی پاڵاوگـە نەوتییـەکان و کۆمپانیاکـانی نـەوت کـە زۆر ئەسـتەمە لەهـەرێمی کوردسـتان و عێراقـدا، بەتایبـەتی لەهـەرێمی کوردسـتان نـەك هـەر ئەسـتەمە بگـرە یاسـاغە! جگـە لـەوەش بـەهۆی دابەشـی سیاسـی و حزبـی و بگـرە تـایفی و هەنـدێك جـاریش نەتـەوەیی وبگـرە هەنـدێك دەسـتکەوتی دیکـە هەنـدێك لـە پـشکنەران لـەعێراق و هـەرێمی کوردسـتان چاوپۆشـی دەکـەن لەکەموکوڕییەکان!

(هـ - أ) کرێکـاری یـەکێك لـە پاڵاوەگـەکانی نەوتـە لەهـەرێمی کوردسـتان، لـە دەرەوەی شـوێنی کـارکردنی بـۆ تیمـەکانی ئێمـە ووتـی: "بـارودۆخی کارکردنمـان زۆر خراپـە و تەنانـەت تـاوەکو ئێـستا نـە وەزارەتـی کارو نە سەندیکای کرێکاران سەردانیمانیان نەکردووە تا لە بارودۆخمان بکۆڵنەوە".

رێگـا نـەدان بـە سـەردانیکردنی ئـەو شـوێنانەی کـارکردن لـە کاتێکدایـە کـە رەوشـی کـارکردن لـەبواری پاڵاوگـەکانی نـەوت و رۆن و غـاز زۆر دژوارە، بـەجۆرێك کـە چـەندین کرێکـار زیانیـان پێگەیـشتوە و بوونەتـە

قوربانی، لەماوەی 2 مانگی ڕابردوودا لەپاڵاوگەی نەوتی سلێمانی ئەندازیارێك و لەکارگەی ڕۆن لە کەلار 2 کرێکار بەهۆی نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەییەوە گیانیان لەدەستدا.

هەرچەندە کارگەکانی هەرێمی کوردستان نوێن و مێژوویان زۆر درێژ نیەو دەبوایە مەترسییەکانی سەلامەتی تەندروستی و پیشەی برەواندبایەتەوە ،بەڵام ئەو مەترسییانە زۆرەو قوربانیانی نەبوونی سەلامەتی پیشەیی و تەندروستی لەهەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**لە ئەنجامی ڕاپرسیەك کە تیمەکانی مەسەللە و CDO لە شەش پارێزگای عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە نێوان 500 کرێکاری بوارە جیاوازەکان ئەنجامیان داوە، دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆری شوێنەکانی کار هیچ شێوە مەرجێکی سەلامەتی کارکردن و تەندروستی پیشەیی تێدا نیە.**

**لە کۆی ئەو کرێکارانەی پرسیاری هەبوونی سەلامەتی کارو تەندروستی پیشەییان لە شوێنی کار لێکراوە، بە ڕێژەی 51.8٪ ئاماژەیان بەوە کردوە کە لە شوێنی کارکردنیان مەرجەکانی سەلامەتی کار و تەندروستی پیشەیی بوونی نیە، بەڵام ڕێژەی 32.6٪ ی ئەو کرێکارانە پێیانوایە مەرجەکانی سەلامەتی کار و تەندروستی پیشەییان بۆ دابین کراوە، 15.6٪ ی کرێکارانیش دەڵێن "تا ڕاددەیەك" مەرجەکانی سەلامەتی کار و تەندروستی پیشەیی لە شوێنی کارکردنیان بۆ دابین کراوە، جێی ئاماژەپێکردنە ئەوانەی دەڵێن "تا ڕاددەیەك" ئەوا لەباشترین حاڵەت ئەو مەرجانەیان بۆ دابین نەکراوە کە ڕێگر بێت لە ڕوودانی کارەسات و ڕووداوی مەرگبار لە شوێنی کارکردندا، وەك ئەوەی کرێکارەکان باسی دەکەن تەنها دابینکردنی چەند کەلوپەلێکی سادە دەگرێتەوە.**

ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە تا چەند مەرجەکانی سەلامەتی کارو تەندروستی پیشەیی لە شوێنی کار بە پێی پارێزگاکانی عێراق دابین کراوە:

| # | ناوی پارێزگا | بەڵێ | نەخێر | تاڕادەیەك |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 15 | 52 | 24 |
| 2 | هەولێر | 33 | 49 | 5 |
| 3 | کەرکوك | 31 | 42 | 12 |
| 4 | سلێمانی | 50 | 62 | 18 |
| 5 | دهۆك | 25 | 16 | 14 |
| 6 | موسڵ | 9 | 38 | 5 |
| | کۆی گشتی | 163 | 259 | 78 |

* لە 13ی ئاداری 2012 سێ کرێکاری کوردی تورکیا لە باڵاخانەی جاف تاوەر لەسلیمانی کەوتنەخوارەوە گیانیان لەدەستداو کرێکارێکی دیکەی کوردی ئێرانیش بەسەختی برینداربوو. لەبەدواداچوونی تیمەکانی ڕاپۆرتەکە بۆ لایەنی پەیوەندار ئەفسەری لێکۆڵەر لە بنکەی پۆلیسی سەرچنار گوتی بەپێی "لێکولێنەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە کە کۆمپانیای بەڵێندەر سەلامەتی پیشەیی و تەندروستی دابیننەکردووەو ئەوەش هۆکاری

*ڕۆژی 15 ینیسانی 2012 لە ناحییەی سەیدسادق کرێکارێکی تەمەن 28 ساڵ کە کرێکاری لەبغ بوو بەناوی (ئا.ب.ب)بەهۆی ئەوەی کە ماڵنجەکەی بەر کارەبا دەکەوێت یەکسەر گیان لەدەستدەدات و دەمرێت.
*لە20ی نیسانی 2012 لەقەزای شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، کرێکارێکی عەرەب بەهۆی ئەوەی کە دەستی بەر کارەبا دەکەوێت گیان لەدەست دەدات

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی

1. لە پێناو بەرزکردنەوەی هۆشیاری کرێکاران بە بنەماکانی سەلامەتی کار و تەندروستی پیشەیی، دەبێت وەزارەتە پەیوەندارەکانی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران هەماهەنگ بن و بەرنامەی هاوبەشیان لەو بارەیەوە هەبێت تا زامنی زیاتری ڕێگاکانی خۆپاراستن لە بەرکەوتن و زیانپێگەیشتن لە کاتی کارکردن بۆ کرێکاران بکرێت.
2. داواکارین لە پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی دەوڵەتی عێراق لەسەر ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە سەلامەتی کار و تەندروستی پیشەیی بخاتە ئەجندای کۆبوونەوەکانیەوە و لە زووترین ماوەدا یاسای تایبەت بە پەسندکردنی سەرجەم ڕێکەوتننامەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەربکات. بەتایبەتی ڕێککەوتنامەکانی ژمارە 155 و 161 و 187ی ڕێکخراوی ناوبراو.
3. بەپێویستی دەزانین پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە زامنی سەلامەتی کرێکاران لە شوێنی کارکردنیان دەربکات بە شێوەیەك هاوتا بێتەوە لەگەڵ ستاندارتە نێودەوڵەتیەکانی و بەهاکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.
4. گرنگە سیستەمی پشکنەرانی سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی سەر بە وەزارەتەکانی کار کارابکرێت و ژمارەی ئەو پشکنەرانەش زیاد بکرێت، هاوکات پێویستە بەباشترین شێوە ڕاهێنانیان بۆ بکرێت و دەسەڵاتیان فراوان بکرێت و کارەکانیان هەموو کەرتەکانی کارکردن بگرێتەوە بە بێ جیاوازی.
5. جەخت کردنەوە لە دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە کاتی کردنەوەی کارگە و شوێنی کاری تازە، بەچەشنێك مامەڵەی هیچ پرۆژەیەك ڕایی نەکرێ تا سەرجەم ئەو مەرجانەی بۆ کرێکاران دابین نەکرێن.
6. لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە ئەو شوێنی کار و کارگانە دابخات و سزایان بدات کە مەرجەکانی سەلامەتی کرێکاران و تەندروستی پیشەییان فەرامۆش کردوە، لەمبارەیەوە دەبێت لیژنە تایبەتمەندەکان پەرلەمانیش ڕۆڵی چاودێریانە لەسەر ئەم پرسە چڕتر بکەنەوە.

7. بیانوەکانی عێراق بۆ پەسند نەکردنی ڕێککەوتننامەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی ژمارە 155 و ڕێککەوتننامەی خزمەتگوزاری تەندروستی پیشەیی ژمارە 161 و ڕێککەوتننامەی 187ی تایبەت بە چوارچێوەی هاندان بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، بریتییە لە نەبوونی یاسای کاری گونجاو، لە کاتێکدا پێمانوایە ئەم بیانوە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و دەکرێ عێراق لێی دەرباز ببێت، هاوکات داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەکەین پرۆسیجەری پەسندکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە خێراتر بکرێ و لە نزگترین کاتدا پێداویستیەکانی جێبەجێکردنیان لە عێراقدا بۆ فەراهەم بکرێ. بەمەش دەتوانرێ گیانی ملیۆنەها کرێکار لە عێراقدا لە مەترسیەکانی کارکردن بپارێزرێن.



سلێمانی... مەراسیمێك بۆ قوربانیانی نەبوونی سەلامەتی پیشەیی 2012

# گرێبەستی کار

بەپێی ماددەی یەک لە رێککەوتننامەی ژمارە 45 ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی "کرێ بریتیە لە هەر دەرماڵە و داهاتێك کە دەتوانرێت بەهاکەی بە پارەی نەختینە دیاری بکرێ سا بەهەر ناوێکەوە ناونرابێت یان بەهەر رێگایەك هەژمار کرابێت، بەهاکەشی بەپێی بەرەزامەندی یان بە پێی یاسا و رێسا نیشتیمانیەکان دەستنیشان دەکرێ، کە خاوەن کار بەپێی گرێبەستی بەکارخستنی نوسراو یان زارەکی دەیداتە کەسێك کە کارێکی بۆ ئەنجامداوە یان ئەنجامی دەدات یان لەبەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە خاوەن کارەکەی کردوە.

رێککەوتننامەی 95 ی ساڵی 1949 ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتیش پێداگیری لەسەر پابەندی دەوڵەتان دەکاتەوە بە گرتنەبەری رێوشوێنی کاریگەر بۆ ئەوەی کرێکاران بە رێگایەکی گونجاو و ئاسان بۆ تێگەیشتن، مەرجەکان و وردکاری کرێکانیان بزانن.

بەپێی ماددەی 4 لە رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ژمارە 158 بەکارخستنی کرێکار کۆتایی پێناهێنرێت ئەگەر ئەم کۆتایی هێنانە بە هۆکارێکی روونەوە نەبێت کە پەیوەندی هەیە بە توانستی یان خوورەوشتی کرێکارەکەوە، یان بەپێشت بەستن بە پێویستیەکانی کارکردن لە دەزگاکە یان دامەزراوەکە.

بەلام بەپێی ماددەی پێنجی هەمان رێککەوتننامە ناکرێت ئەم هۆکارانەی خوارەوە بە هۆکاری کۆتایی هێنان بەبەکارخستنی کرێکار دابنرێت:

1-بەئەندامبوون لەسەندیکاکانی کرێکاران وئەنجامدانی کاری سەندیکایی لەدەرەوەی کاتەکانی کار یان لەکاتی کارکردندا بەرەزامەندی خاوەنکار.

2- هەوڵدان بۆ نوێنەرایەتیکردن و داکۆکیکردن لە ماف کرێکارن.

3- بەهۆی رەخنەگرتن لەخاوەنکار لەبەرامبەر کەموکوڕییەکان.

4- بەهۆی جیاوزای نەتەوەیی ،رەگەزی،ئاینی و...تد.

5-ئامادەنەبوون لەکاتی پشوودا.

**رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دواتر رێککەوتننامەی ژمارە 94 ی تایبەت بە مەرجەکانی کارکردن لە رێگەی گرێبەستە گشتییەکانی راگەیاند، کە** ئەم رێککەوتننامەیە ساڵی 1952 چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەپێی بەند و برگەکانیەوە دەبێت لە وڵاتانی ئەندام گرێبەستی کار هەبێت بۆ کرێکاران ئەویش لەچوارچێوەی یاسا نیشتمانییەکان کە تیایدا کاتژمێرکانی کارکردن وموچە و سەرمووچە و ماوەی کارکردن دیاریی بکرێت، لە هەر ئاڵوگۆڕێك دەبێت راوێژ لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکاکانی کرێکاران و رێکخراوەکانی خاوەن کار بکرێت.

بــەر لــەو دوو ڕێککەوتنامەیــەش ،ڕێکخــراوی کــاری نێودەوڵــەتی ڕێککەوتننامــەی ژمــارە 86ی پەســندکردبوو کە تایبەتە بە دیاریکردنی ماوەی کاری کرێکاران لە گرێبەستەکانی تایبەت بە کرێکارانی نیشتمانی.

**یەکــەم ڕێککەوتننامــەی بــواری گرێبەســت وڕێکخســتنی لــەڕێکخراوی کــاری نێودەوڵــەتی ، ڕێککەوتننامــەی ژمارە 64ی تایبــەت** بــە ڕێکخســتنی گرێبەســتی نوســراو بــۆ کرێکــارانی نیــشتمانی کــە لەوەتــەی ســاڵی 1948 چــۆتە بــواری جێبەجێکردنــەوە کــە بەیــەکێك لــەگرنگترین ڕێککەوتننامــەکانی ڕێکخــراوی کــاری نێودەوڵــەتی دادەنرێت کە پێدادەگرێت لەسـەر هـەبوونی گرێبەسـتی نوسـراو لـەنێوان خـاوەن کـارو کرێکارانـدا بەتایبـەتی بـۆ ئەو کارانەی کە ماوەکەی لە شەش مانگ زیاترە یان ژمارەی ڕۆژەکانی دەکاتە ئەو ماوەیە.

**لــەماددەی 3 ی ئــەو ڕێککەوتننامەیــە بەتایبــەتی لــە خــاڵی 4دا بابــەتێکی گــرنگ ئامــاژەی بــۆ کــراوەو دەڵێــت" ئەگــەر نەنووســینی گرێبەســت کــارێکی خــوازراو یــان پشتگوێخــستن بــوو لەلایــەن خــاوەن کــارەوە ئــەوە مــافی کرێکــارە داوا لەلایەنــە پەیوەنــدارەکان بکــات ئــەو گرێبەســتە هەڵوەشــێنێتەوەو داوای قــەرەبوو بکاتــەوە لەکاتی پێویستدا".**

لــەو ســێ ڕێککەوتننامەیــەی ڕێکخــراوی کــاری نێودەوڵەتیــدا، عێــراق تــەنها ڕێککەوتننامــەی ژمــارە 94ی پەسندکردووە.

لەیاســای کــاری عێراقــی ژمــارەی 71 ی ســاڵی 1987دا دەروازەی ســێیەم هــەمووی تایبەتــە بــە گرێبەســت و شــێوازەکانی گرێبەســت و ڕێکــارو ئامرازەکــانی گرێبەســت و مــافی لایەنــەکانی گرێبەســت و چــۆنێتی هەڵوەشــانەوەی گرێبەســت. کــە لــەماددەی 29 دەســت پێدەکات و لــەماددەی 40دا کۆتــایی دێــت.بــەڵام ئــەو یاســایە تــەنها کرێکــارانی کــەرتی تایبــەت و تێکــەڵ و هــەرەوەزی دەگرێتــەوە و کرێکــاری کــەرتی حکــومی لێدەبوێرێت چــونکە حکومــەتی بــەعس بــە پێــی بڕیــاری 150ی ســاڵی 1987 ناونیــشانی کرێکــاری حکــومی لــەعێراق گــۆڕی بــۆ فەرمانبــەر. هــەروەها لەیاســاکەدا چــەندین ڕێکــاری یاســاغکردنی لەبــەردەم کرێکارنــدا دانــاوە کە ئەگەر پێشێلیان بکات دەبێتەهۆی هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەی.

جگە لەوەش چەندین ڕێوشوێنی داناوە کە کرێکار دەتوانێت لە ڕێگەیەوە گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

لــە ئێــستادا بەشــێکی زۆری کرێکــاران لــە عێــراق بــەبێ هــەبوونی هــیچ گرێبەســتێکی کــار لــە کەرتــە جیاوازەکانــدا کــاری ڕۆژانــەی خۆیــان ئیــشدەکەن. بەمــەش لەهــەر پێــشهاتێکی کارەکــەدا ئەگــەری هەیــە ڕووبــەڕووی دەرکــردن و کۆتــایی هێنــان بــە بەکارخــستنەکانیان بهێنرێــت و بــەهۆی نــەبوونی گرێبەســتیش ئەســتەمە بتــوانن هــیچ شــێوە بەرگریەك لە مافەکانی خۆیان بکەن.

> لەکۆبوونەوەی بەکۆمەڵ لەگەڵ لایەنەپەیوەندارەکانی سەندیکا و حکومەت و کرێکاران لەدهۆك کە لە 14ی شوباتی 2012 دا ئەنجامدرا یەکێك لە نوێنەرانی سەندیکاکان ڕایەگەیاند کە "خاوەن کارەکان نە گوێ بە حکومەت و یاسا دەدەن، نە بەسەندیکا، چونکە نە گرێبەست دەکەن لەگەڵ کرێکاران نە مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆدەکەن و هەرکاتێك بیانەوێت لەکاردەریدەکەن

دەهێنرێتــەوە، یــەکێك لــە خــاوەن کارگــەکانی ســاردەمەنی لەکــەرکوك بــە تیمــەکانی ئێمــەی ووت: "ئێمــە دەمانــەوێت گرێبەســت بکەین،بــەڵام هەنــدێك کرێکــار جێگــەی متمانــە نــین و دێــن فێــری کــاردەبن و دوای دەڕۆن

بۆ یەکێکی دیکە کاردەکەن. ئێمە هەندێك کرێکاری جێگیرمان هەیە و گرێبەستمان لەگەڵ کردوون، مانگانە ڕێژەی خۆمان دەدەین بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پێشانیش نوێنەری سەندیکا دەهات سەردانی کرێکارەکانیان دەکرد بەڵام ئێستا ئەوەش نەماوە" ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی گرێبەستی کار چونکە ئەم گرێبەستە بەتەنها بەرژەوەندیەکانی کرێکاران ناپارێزێت، بەڵکو بەشێکی گەورەی بەرژەوەندیەکانی خاوەن کار پارێزگاری لێدەکات بەتایبەتی لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لە لایەن کرێکارەوە، ناشکرێ لەسەر گومانێك بڕیاری ئەوە بدرێ گرێبەست بۆ کرێکارەکان نەکرێ.

لە ئێستادا بەهۆی نەبوونی چاودێری و لێپێچینەوەی وورد لە ئەنجامدانی گرێبەستی کار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان و عێراق، و نەبوونی کاری پێویست بۆ دەستی گەورەی کارکردن لە عێراقدا و ڕەزامەند بوونی کرێکارەکان بە هەموو شێوە کارێك و لە ژێر هەر مەرجێکی کارکردندا بێت، ئەمانە سەرجەمیان وایان کردوە بەشێك لە خاوەن کارەکان گرێبەستەکان وەك ئامرازێکی فشار لە بەرامبەر کرێکاران بەکار بهێنن و هەڕەشە دەرکردنیان پێ لێبکەن. لەم ڕووەوە چەندین دیاردەی جۆراوجۆر لە لایەن تیمەکانی مەسەلە و CDO لەشارە جیاجیاکان تۆمارکراون کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ماف کرێکار، بەتایبەتی کرێکاری کاتی پێشێل دەکرێت.

لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی 2012 کرێکارانی گرێبەستی کاتی هوتێل "شیراتۆن"ی بەغدا لە گۆڕپانی ـ تەحریر ـ خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و تیایدا دوو داواکاریان خستبووەڕوو:

یەکەم: گۆڕینی گرێبەستەکانیان بۆ هەمیشەیی

دووەم: زیادکردنی مووچەکانیان

یەکێك لەو کرێکارە خۆپیشاندەرانە بە تیمە مەیدانیەکانی ئێمەی گوت" دوای ساڵی 2003 بەپاساوی نەبوونی پارە دەیان کرێکار دەرکران و دواتریش بەهەمان هۆوە کرێکانمانیان زۆر کەم کردەوە، ئێستاش هەمیشە هەڕەشەمان لەسەرە بۆ دەرکردن و پێمان دەگوترێت ئەو پارەیەی ئێوە وەریدەگرن زۆر زیاترە لە کرێکارە بەنگلادیشییەکان

لەتەك ئەوەشدا هەندێك لەکرێکاران بەتایبەتی کرێکارانی کەرتی حکومی هەرچەند کە بەپێی یاسا ناوەکەی گۆڕدراوە ! باسیان لەوەکرد کە لە کۆبوونەوەی فراوانیان لەبەغدا کە ئەگەرچی گرێبەستی هەمیشەییە یان کاتیان هەیە بەڵام جێی داخە کە ناوەڕۆکی گرێبەستەکان جێبەجێناکرێن، بۆ نموونە بە کرێکاری خزمەتگوزاری دامەزراوی بەڵام دەتکەنە کارمەندی پۆستە یان هەرکارێك کە خۆیان بیانەوێت".

**یەکێك لە چالاکوانانی بواری کاری سەندیکایی بە تیمەکانی ڕاپۆرتی چاودێری ڕاگەیاند " بە پێی یاسا دەبێت هەموو کرێکارێك گرێبەستی نووسراوی هەبێت جا چ کاتی بێت یان هەمیشەیی ،ئەوەش ئێمە لەسەردانە هاوبەشەکانمان لەگەڵ پشکنەرانی وەزارەتی کار جەختی لێدەکەینەوەو دڵنیایی لێدەکەینەوە، بەڵام لەراستیدا سەدان شوێن هەیە ئێمە هەر سەردانی ناکەین و لەم وڵاتەشدا سەدان کرێکاری بێ گرێبەست هەن، دیارە نەبەستنی گرێبەست لەلایەن خاوەن کارەوە ئامانج و مەبەستی دیکەی لەپشتەوەیە کە تایبەتە بەدابینکردنی ماف کرێکارو دابینی کۆمەڵایەتی بۆیان، ئەمە سەرباری هۆکاری دیکەش**

نەبوونی گرێبەست لە نێوان خاوەن کار و کرێکاراندا، وایکردوە کرێکارانی بێ گرێبەست بە رەوشێکی نالەبارە و کارکردن لە ژێر فشارێکی زۆریشەوە رازی بن، بەتایبەتی ئەوانەی بژێوی قورسی رۆژانە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەخاتە مەترسیەوە لە هەر رۆژێکدا ئەگەر بێکار بمێننەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەست تیمەکانمان کەوتووە رێژەیەکی زۆری کرێکاران گرێبەستیان نیە بە تایبەتی لە کەرتەکانی:

* بیناسازی
* کشتوکاڵی
*کرێکارانی کاری راستەوخۆ و کاری پارچەو رۆژانە
*کرێکارانی بیانی
*کرێکارانی ماڵان

بەپێی ئەو چاوپێکەوتن و راپرسییەی کە لەچوارچێوەی کارەکانی ئەم راپۆرتەدا لەگەڵ 500 کرێکاردا ئەنجامدراوە لە وەلامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بە گرێبەست کاردەکەیت یان بێ گرێبەست؟ 494 کرێکار وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە، کە کە 141 کرێکاریان بە گرێبەست کاردەکەن و 353 کرێکاری دیکە بەبێ گرێبەست کاردەکەن.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ووردکاری وەلامی کرێکارەکان بەپێی شارەکان و جۆری کارەکانیان دەردەخات:

| # | ناوی پارێزگا | بەگرێبەست | کاری راستەوخۆ | کاری رۆژانە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 29 | 32 | 30 |
| 2 | هەولێر | 31 | 36 | 20 |
| 3 | کەرکوک | 10 | 60 | 15 |
| 4 | سلێمانی | 44 | 44 | 37 |
| 5 | دهۆک | 18 | 23 | 13 |
| 6 | موسڵ | 9 | 22 | 21 |
|  | کۆی گشتی | 141 | 217 | 136 |

## راسپاردەکانی تایبەت بە مافی گرێبەست

1. لە پێناو باشترکردنی بارودۆخی کارکردن و ڕەوشی مرۆیی کرێکاران، بەئەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەزانین سەرجەم ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسند بکات کە تا ئێستا پەسندی نەکردوون. بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 158 ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە تایبەتە بە مافی هەبوونی گرێبەستی کار و ووردکاریەکانی.

2. پێویستە لیژنە تایبەتمەندەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکانی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بازرگانی و هەروەها سەندیکاکانی کرێکاران پەلە بکەن لە هەموار کردنەوەی دەروازەی سێیەمی یاسای کاری عێراقی و بەشەکانی دیکەی بەشێوەیەك ڕێگری بکات لە دەرکردنی ناڕەوای کرێکاران لە سەر کارەکانیان بە پشت بەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.

3. چالاککردنی پرۆسەی چاودێری کردن و پشکنینی گرێبەستی کرێکاران لە ناوەندەکانی کاردا لە لایەن پشکنەرانی تایبەتمەندی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و سەندیکای کرێکاران بەپێویست دەزانین، دەبێت هەموو ئەوانەش کە پابەند نابن بە ئەنجامدانی گرێبەستەوە بەپێی یاسا سزای گونجاو بدرێن.

**4.** دەبێت لێژنەکانی سەر بە سەندیکای کرێکاران چالاکتر بکرێن و بەشداربن لە بەرزکردنەوەی هوشیاری کرێکاران سەبارەت بە گرنگی ئەنجامدانی گرێبەست و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان تیایدا.

## مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران

بۆ رێکخستنی مافی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، ،چەند یاسا وبڕیارێك هەن لەوانەش:

**–یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە 39 ی ساڵی 1971**

**–پەیڕەوی دانی ئابوونەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە 31ی ساڵی 1978**

**–بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ژمارە 222ی ساڵی 2008 ی تایبەت بە هەموارکردنی مووچەی خانەنیشینی کرێکاران کە بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە 780 لە 28ی کانوونی دووەمی ساڵی 2009 کاری پێدەکرێت.**

لەئاستی نێودەوڵەتیشدا چەندین رێککەوتنامە لە رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەرچووە بۆ دابینکردن و پاراستنی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گرنگترینیشیان هەردوو رێککەوتننامەی ژمارە (102 و 157) ـە. تاوەکو ئێستاش عێراق ئەو دوو رێککەوتننامەیەی پەسند نەکردووە و نەبۆتە ئەندام تیایاندا.

لە رێککەوتننامەی ژمارە 157 دا بەتایبەتی لە ماددەی 2 دا هاتووە کە ئەم رێککەوتننامەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەبنە ئەندام تیایدا لەسەر هەموو بوارەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکرێت. بەتایبەتی لە رێککەوتننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەم بوارانە کراوە: "تەندروستی، نەخۆشی، دایکایەتی، پەککەوتەیی، پیری، میراتگری، رووداوەکانی کار و نەخۆشی پیشەیی، بێکاری، خێزان و هەروەها راهێنانەوە".

بەپێی ماددەی 3 ی یاسای دەستەبەری عێراقی ژمارە 39 دەستەبەری کۆمەڵایەتی چوار لایەن دەگرێتەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

**–دەستەبەری تەندروستی**

**–دەستەبەری پێکان لەکاتی کاردا**

**–دەستەبەری خانەنیشینی**

**–دەستەبەری خزمەتگوزاری.**

**هەروەها لەماددەی 48 دا بەدوورودرێژی باس لە مافی دەستەبەری منداڵبوون دەکات.**

بۆیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەبینین عێراق زۆر لایەنی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دابین نەکردووە کە گرنگترینیان مافی دەستەبەری بێکارییە. هەرچەند ئەوەی کە بەدەست تیمی راپۆرتەکەمان گەیشتووە لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان لەبەرواری 8ی حوزەیرانی 2011 رێککەوتوون کە پێشنیاری مافی دەستەبەری بیکاری زیاد بکرێت بۆ ماددەی 3یەمی یاساکەی عێراق لەکاتی هەموارکردنیدا هەرچەند هێشتا ئەوە تەنها پێشنیاری لیژنەکەیەو یاساکە هەموارنەکراوە.

عەبدولسەلام بەرواری سەرۆکی لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان لەمیانەی بەشداربوونی لە فۆکەس گرووپی تایبەت بەباروودۆخی کرێکاران کە لەچوارچێوەی کارەکانی ئەم راپۆرتەدا ئەنجامدرا دەڵێت( ئەو هەمواری یاسایەی حوکمەت ناردبویە پەرلەمان ئێمە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی پێداچوونەوەی تەواومان پێداکردووە بەشێوەیەك کە لەخزمەتی کرێکاران بێت ،بەڵام کە ناردمانەوە بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی جارێکی دی–کە دەستکاریان کرد بەشێوەیەك کە مافەکانی کرێکاران کەمتردەکاتەوە و بڕیاروایە هەردوولا لەسەر هەموارکردنەوەیەك

سـیوەیل عوسمـان، ئەنـدامی لیژنـەی كاروكاروبـاری كۆمەڵایـەتی لەپەرلـەمانی كوردسـتان بەتیمـەكانی ئێمـەی ڕاگەیانـد كـە **"وەزارەتـی كاروكاروبـاری كۆمەڵایـەتی پـڕۆژەی هـەمواركردنی ناردۆتـە پەرلـەمان و لیژنـەی كاروكاروبـاری كۆمەڵایـەتیش ڕای خۆیـداوەو بـەهاوكاری ڕێكخراوێكـی نێودەوڵـەتی چـەندین وۆركـشۆپ لـەبارەی پـڕۆژە هەمواركراوەكـەوە ئەنجامـدراوە كۆمـەڵێك خـاڵی بـاش ئامـادەكراوە لەوانـە دەسـتەبەری بێكـاری هـەبێت ، هـەروەها هەوڵبـدرێت دەسـتەبەری كۆمەڵایـەتی ئـەو شـوێنی كاركردنـەش بگرێتـەوە كـە كـەمتر لـە 3 كرێكـار كاری تێدادەكەن"**.

هەرچـەندە لـە هـەرێمی كوردسـتان و عێراقـدا پڕۆژەیـەكی هاوكـاری دارایـی لـە لایـەن وەزارەتـەكانی كاروكاروبـاری كۆمەڵایـەتی ناوەنـدی و هـەرێم بـەڕێوە دەچـێت بـەناوی تـۆڕی پاراسـتنی چـاودێری كۆمەڵایـەتی و مانگانـە بـڕە پارەیـەكی دیـاریكراو دەدات بـەو كـەس و خێزانانـەی مەرجـەكانی تۆڕەكـە دەیانگرێتـەوە، هـەروەها بەشـێك لـە خـاوەن پێداویـستیە تایبەتیـەكانیش بەهـەمان شـێوە بـەڵام بـڕە پارەیـەكی كـەمتر وەردەگـرن بـەو پێیـەی نـاتوانن كاربكـەن، سـەرەڕای تێبـینی و ڕەخنـەمان لـەو بـڕە هاوكاریـە، هاوكـات پێمـان وایـە سـەدان هـەزار كرێكـاری بێتوانـست و بێكـار بێبەشـن لـە هـەموو شـێوە دەسـگیرۆیەكی مـاڵی و بـەهیچ شـێوەیەك ئـەم هاوكاریانـەی وەزارەتـی كـار نایانگرێتـەوە چـونكە مـەرجی پێویـستیان تێـدا نییـە و زیـاتر بـۆ نـەخۆش و پەككەوتـە و بێـوەژن و خـاوەن پێداویـستە تایبەتەكانـە. لـەم بارەیـەوە یـەكێك لـەڕێكخراوەكانی كۆمـەڵگای مـەدەنی عێراقـی بـۆ ئێمـە گـوتی **"نابێـت عێـراق بەوەنـدە وازبهێنێـت كـە دەڵێـت مـن پـارەم بـۆ تـۆڕی پاراسـتنی چـاودێری خێـزان دانـاوەو لەوێـشەوە دەسـتەبەری هەنـدێك مـافم كردووە،ئـەوە نابێتـە جێگـرەوە بـۆ مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی و دەبێت بەزووترین كات یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی دەربچێت"**.

تیمـەكانی ڕاپـۆرت لـەبارەی یاسـای دەسـتەبەری كۆمەڵایـەتی دیـداریان لەگـەڵ نـەزمی موسـا ،جێگـری بەڕێوەبـەر گـشتی وەزارەتـی كاروكاروبـاری كۆمەڵایـەتی حكومـەتی هـەرێم ئەنجامـداوە لای خـوارەوە یـەكێك لە وەڵامەكانی بەڕێزیان:

پ/ سـەبارەت بەهـەموار كردنـی یاسـای دەسـتەبەری كۆمەڵایـەتی بـۆ هـەموار ناكرێـت یـاخود چـیتان كـردوە بـۆ یاساكە ؟

ئێمـە کـار لەسـەر دوو یاسـا دەکـەین یەکـەم یاسـای کـاری عێراقـی، دووەم یاسـای خانەنـشین و دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی ، ئێمـە لەکابینـەی پێـنج ڕەزامەنـدیمان وەرگـرت لەسـەر هـەردوو یاسـاکە بـۆ هـەموارکردن و دانـانی یاسـای کـار ، یەکـەم جـار لەیاسـای خانەنـشین دەسـتمان پێکـرد و کۆمـەڵێك ۆرکـشۆپمان کـرد لـە هـەولێر و سـلیمانی و دهـۆك ، پەیوەنـدیمان بـەزانکۆکانی هـەرێم کـرد و سـەندیکای کرێکـاران و ژوری بازرگـانی ، داوامـان کـرد راو سـەرنجی خۆیانمـان بـۆ رەوانـە بکـەن . پاشـان کۆنفراسـێك لـە وەزارەت کـرا کـە دوو رۆژی خایانـد کـەوەزیر تیـادا بەشـدار بـوو رەشنووسـێك ئامـادەکرا بـۆ هـەموار کردنـی یاسـای خانەنشین و دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی ، ئـەم رەشنووسـە دراوەتـە سـەرۆکایەتی حکومـەت و لـەوێش دراوەتـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان وە دوو دانیشتن کراوە لەگەل لیژنەی کۆمەڵایەتی پەرلەمان هەندێك تێبینی و سەرنجیان هەیە .

هـەروەها تیمـەکانمان پرسـیاریان ئاراسـتەی شـێروان مجیـد صـادق ،بەڕێوەبـەری کارودەسـتەبەری کۆمەڵایەتی سلێمانی ئەنجامداوە لای خوارەوە پوختەی پرسیارو لێدوانەکانی ئەوان:

پ/ بۆچی کرێکاری بازاڕ و بیناسازەکان دەستەبەری کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە ؟

بـەپێی یاسـای دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی سـێ کرێکـار و زیـاتر لەهـەر شـوێنێك هـەبێت یاسـای خانەنـشین و دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی دەیگرێتـەوە، ئێـستا هەوڵـدراوە کـەوا کـەمتریش بێـت و یاسـاکە بیانگرێتەوە،هـەتا ئەگـەر بەتـەنها خۆشـی بێـت بـە مـەرجێك خـاوەن کـاری هـەبێت وە ڕەزامەنـدی خـۆی تیابێـت لەسـەر دەسـتەبەرکردنی خـۆیی ، کەواتـە رێـژەی 17٪ ئێمـە وەری دەگـرین کـە 12٪ خـاوەن کـار دەیـدات وە 5٪ کرێکـار دەیـدات ، ئـەم رێژەیـە لەسـەر مووچـەی کرێکـار هـەژمار دەکرێـت ، لەگـەڵ ئەوەشـدا جێبـەجێ کردنـی ئاسان نیە .

پ/ کەمترین رێژەی مووچەی کرێکار دەبێ چەند بێت بۆ ئەوەی یاساکە بیگرێتەوە ؟

نابێت لە (180,000) دینار کەمتر بێت .

پ/ ئەم یاسایەی کەهەیە تاچەند دەتوانن جێبەجێی بکەن ؟

ئێمـە لای خۆمـان بەتـەواوی جێبـەجێی دەکـەین بـەڵام لەیاسـاکەدا ئـەرك و مـاف هەیـە کـە دەکەوێتـە سەرشـانی کرێکـار و خـاوەن کـار ،جـا ئـەوان تاچـەند پابەنـد دەبـن ئەمـە خۆیـان دەزانن؟هـەروەها لەبـەر ئـەوەی لـە هـەموو عێـراق گرێبەسـتی نێـوان کرێکـار و خـاوەن کـار زۆر کەمـە ئەمـەش وادەکـات مـاف و ئـەرك پێـشێل بکرێـت و دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئێمە .

ئەگەرچـی لایـەنی بـەرپرس لەحکومـەت و پەرلـەمان زۆرجـار پابەنـدبوونی تـەواوی خۆیـان بـە یاسـای دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـەوە دەردەبـڕن، **بـەڵام خـاوەن چێشتخانەیەك لەسـلێمانی بـۆ تیمـەکانی مەسـەللە و CDO وتـی: "مـن هـەموو پـارەی کرێکارەکـان تەنانـەت رێـژەی بەشـی کرێکـارانیش خـۆم دەیـدەم، بـەڵام نـازانم ئـەو پارانـە دەچـێتە گیرفـانی کێـوە، چـونکە لەواقیعـدا یاسـای دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی جێبەجێناکرێت".**

ئـەو زانیاریـە مەیدانیانـەی دەسـت تیمـەکانی ئێمـە کـەوتوون ئـەوە دەردەخـەن کـە چـەندین هۆکـار هـەن بـۆ پێشێلکردنی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەوانەش:

**یەکـەم:** بەشـێکی زۆر لـە کرێکـاران لـەو شـوێنانە کاردەکـەن کـە ژمـارەی کرێکارەکـانی 3 کرێکـارە یـان لـە 3 کرێکـار کـەمترن، هەرچـەندە شـوێنی کاریـان دیـارە و خاوەنکاریـشیان هەیـە، بـەڵام مـاف دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا نایانگرێتەوە.

**دووەم:** ئـەو کرێکارانـەی کـە شـوێنی کارکردنیـان لـەگۆڕان دایـە و خاوەنکاریـان لـە ئاڵوگۆڕدایـە لـە مافـەکانی نێـو یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەشن.

**سێیەم:** لەبەرنـەبوونی هوشـیاری سـەبارەت بـە مـاف دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی لـەنێو کرێکارانـدا، زۆربـەیان بـیر لـە مـاف دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی ناکەنـەوە و و هەندێکیـشیان پێیـان وایـە لەئـەرزی واقیعـدا مـاف دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بوونی نیە.

**چـوارەم:** بەشـێك لـە خاوەنکارەکـان خۆیـان دەدزنـەوە لـەدانی بـڕە پـارەی دیـاریکراوی مانگانـە بەمەبەسـتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران.

**+ئـا.خ،** یـەکێك بـووە لـە کرێکـارانی کارگەیـەکی دروسـتکردنی نـایلۆن لەهـەرێمی کوردسـتان، وەك خـۆی ئامـاژەی پێـدەکات، ئـەو چـەندین سـاڵ لـەو کارگەیـە کـاریکردووە و سـەرباری مامەڵـەکردنی ڕۆژانـەی لەگـەڵ کەرسـتە و مـادەی پـیس و خـراپ، کـاری قورسیـشی ئەنجامـداوە، بـەڵام نـەخۆی و نـەخاوەن کارەکەشـی هـیچ بـڕە پارەیـەکی دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتیان نـەداوە. لـە ئێستاشدا بێکـارە و هـیچ دەسـتەبەرییەکی کۆمەڵایـەتی نیـە. نـاوبراو سـەرباری بێکاریەکـەی خـاوەن چـەندین سـەر خێزانـەو گیرۆدە بووە بە پشت ئێشەو چەندین نەخۆشی دیکە.

سـەرباری ئـەوەی بەشـێکی گـەورەی کرێکـاران لـە عێراقـدا لـە کـەرتی بیناسـازی کاردەکـەن و کارەکانیـشیان بەیـەکێك لـە کـارە پـڕ مەترسـیەکان دەدانرێـت و سـاڵانە چـەندین کرێکـار لـەکات و شـوێنی کارکردنیانـدا دەبنـە قوربـانی، بـەڵام لـە عێراقـدا و بـە بیـانوی ئـەوەی شـوێنی کارکردنیـان دیارنیـە و خـاوەن کارەکانیـان جـێگیر نیـە و لە گۆڕاندایە، کرێکارانی کەرتی بیناسازی بێبەشن لە ماف دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**+ز.ش** کرێکـارێکی خـەڵکی کەرکوکـەو کـاری بلـۆك گواسـتنەوە دەکـات بـە تیمـەکانمانی ڕاگەیانـد: (مـن و برادەرەکانمـان هـەموو بەیانییـەك دەچـینە گورەپـانی کرێکـاران ئـاخۆ کارمـان دەسـتدەکەوێت یـان نـا، ئەگـەر دەسـتمان بکـەوێت ئـەوە دەبێـت لـە نزیکـەی سـەعات 7 ی بـەیانی تـا چـواری ئێـوارە کاربکـەین، ئـەوەش واتـە زیـاتر لـە 8 سـەعاتە کـە ئێـستا هـیچ کەسـێك لـەدونیا ئەوەنـدە کارناکـات. جگەلـەوەش ئێمـە کـاری زۆر قـورس دەکـەین هـەموومان تووشـی پـشت ئێـشەو قـاچ ئێـشە بـووین. مـن لـە سـاڵی پێـشوو لـە ناوچـەی پیـشەسازی کـەرکوك کـارم دەکـرد پارچـە ئاسـنێك کەوتـە سەردەسـتم و دەسـتم شـکا چـەند مانگێـك کـارم نـەکرد و هـیچ مافێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەبوو).

**+ئـافرەتێکی بێـوەژن** کـە تەمـەنی 46 سـاڵە و خـەڵکی بەغدایـە بەگریانـەوە بـۆ تیمـی مەیـدانی مەسـەللە و CDO ی گـووتی: (پیاوەکـەم زیـاتر لـە 15 سـاڵ کـاری کرێکـاری کـرد و لـەناوکاردا بـەهۆی تووشـبوونی بـە نەخۆشـی لەئـەنجامی کـاری قورسـی بلـۆك وچیمەنتۆ و بـەر لـە تەمـەنی 50 سـاڵی کۆچـی دوایـی کـرد و ئێـستاش 3 منداڵ لەدوای بەجێماوە و هیچ مافێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان بۆ دابیننەکراوە).

+ح.ع کە کرێکارێکی ئێزدییەو خەڵکی موسڵە، سەبارەت بەشێوەی کارکردنیان گوتی: "ئێمە لە موسڵەوە دەچینە هەولێر کاردەکەین، کاری زۆر قورس دەکەین لەسەرخستنی بلۆك و قوم و چیمەنتۆ، ئێمە هیچ مافێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان نیە و لەمانگێکدا لەوانەیە چەندرۆژێك کارمان دەستکەوێت و زۆربەی ڕۆژەکان بێکارین ناچار دەبیین لەرۆژێکدا چەندین کاربکەین ئەگەر هەبێت تاوەکو ژیانمان دابین بکەین، بەتایبەتی زستانان کار زۆر کەمە هەروەها لەبەر ئەوەی لە موسڵ کار نیە ناچارین پارەیەکی زۆر خەرج بکەین تاوەکو لەشارێکی دیکە کارمان دەستکەوێت، جگە لەوەش من چەند جار بلۆك بەربۆتەوە سەرقاچم و کارم نەکردووە و بەپارەیەکی زۆر چوومەتە نەخۆشخانەو لای دکتۆر و هەموو ئەوانەش هەرخۆم پارەم داوەو خاوەنکار هەقی نیە بەتایبەتی ئێمە زۆرجار بەق هەروەها تیمەکانمان پرسیاریان ئاڕاستەی شێروان مجید صادق ،بەڕێوەبەری کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی سلێمانی ئەنجامداوە لای خوارەوە پوختەی پرسیارو لێدوانەکانی ئەوان:ۆنتەرانت کاردەگرین و خاوەن کار دەڵێت من هەقم بەسەر هیچەوە نیە".

لەکەرتی کشتوکاڵیشدا ئەو کرێکارانەی کە کاردەکەن بارودۆخیان لەرووی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کرێکاری بیناسازی باشتر نیە. **یەکێك لەو ئافرەتانەی کە هەموو هاوینێك لەبواری کشتوکاڵیدا کاردەکات دەڵێت من هیچ شتێك لەبارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە نازانم و هاوڕێ ژنەکانیشم هیچ لەوبارەیەوە نازانن و تەنانەت نە خاوەن کشتوکاڵەکەو نە هیچ سەندیکا و نەحکومەتیش کەس سەردانمانی نەکردووە لەوبارەیەوە.لە پیش ڕۆژهەڵاتن تاوەکو ئیوارەیەکی درەنگیش کاردەکەین.**

+یەکێکی دیکە لەو کەرتانەی کە خاوەن کاری نیەو مافەکانی پێشێلدەکرێت توێژی بارهەڵگرانە کە لەنێو بازاڕەکاندا کاری بارهەڵگری دەکەن کە کارێکی سەخت وگرانە. کرێکارێکی بارهەڵگر دەڵێت "واللە کام کار گرانە ئەوە دەکەین و لەبەیانی تا ئیوارە بگرە یەکەم کەس لەبازاڕین و دواکەس دەچینەوە هەتا ئێستا هیچ دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەکراوین و جارێکیان پرسیارم کرد گوتیان تۆ کێ خاوەن کارتە گوتم واللە هەرجاری یەکێکە و خاوەن کارم زۆرەو هەرخۆم کرێکارم،گوتیان نابێت"!

لەبەرامبەر پێشێلکاری زۆر لە ماف دەستەبەری کۆمەلایەتی و خراپی ڕەوشی کرێکاران، چەند نموونەیەکی دیکە هەن کە هەم خاوەن کارو هەمیش کرێکارەکە پابەندن بە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بەپێی یاسا مامەڵە دەکەن و کارەکانیان رایی دەکەن.

+سدیق رەمەزان نوێنەری یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران بە تیمەکانی ئێمەی راگەیاند کەلە دهۆك زیاتر لە 500 کرێکار ناوی خۆیان نووسیوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەڵام بەهۆی ڕۆتینیات و ئاڵۆزییەکانی ڕێکارەکانەوە نزیکەی 100 کەسێك سوودیان لێوەرگرتووە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وەلامی كرێكارانی سامپل روون دەكاتەوە كە لە شەش شاری مەبەست لە هەرێم و عێراقدا پرسیاری ئەوەیان لێكراوە ئایا دەستەبەر كۆمەلایەتی بۆ دابین كراوە یان نا؟:

| # | ناوی پارێزگا | بەڵێ | نەخێر | وەڵامی نەداوەتەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 5 | 81 | 5 |
| 2 | هەولێر | 29 | 48 | 10 |
| 3 | كەركوك | 22 | 63 | – |
| 4 | سلێمانی | 42 | 80 | 8 |
| 5 | دهۆك | 16 | 38 | 1 |
| 6 | موسڵ | 11 | 38 | 3 |
| | كۆی گشتی | 125 | 348 | 27 |

وەك لەو وەڵامانەدا دەردەكەوێت لەكۆی 500 كرێكار تەنها 125 كرێكاریان دەڵێن كە مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتییان هەیە، واتا یەك لەسەرچوار ئەو مافەیان هەیە و لەسێ بەشەكەی دیكەدا تەنها 27 كەسیان وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە و 348 كرێكار دەڵێن مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتیمان نیە. ئەوەش ئەو راستییە دوویاتدەكاتەوە كە یاسا مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی نەپاراستووەو بگرە بەزەقی پێشێلی بنەما نێودەوڵەتییەكان دەكات و پێویستی بەرێكخستنەوە هەیە.

**راسپاردەكانی تایبەت بە مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی**

**1- داواكارین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی كە پرسی هەروەها تیمەكانمان پرسیاریان ئاراستەی** شێروان مجید صادق ،بەرێوەبەری كاردەستەبەری كۆمەڵایەتی سلێمانی ئەنجامداوە لای خوارەوە پوختەی پرسیارو لێدوانەكانی ئەوان: **پابەند بوونی عێراق بە یاسا نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی لە رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی بەتایبەت رێككەوتننامەی ژمارە (102) و (157) بخاتە ئەجێندای كۆبوونەوەكانی و پێداویستەكانی جێبەجێكردنیان لە عێراق بۆ دابین بكرێت.**

**2- دەبێت پەلە بكرێت لە هەمواركردنی یاساكانی تایبەت بە مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی كوردستان بەتایبەت ی یاسای ژمارە 39ی ساڵی 1971 بەشێوەیەك كە مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی فراوانتربكات.**

**3- تیمەكانی پشكنین لە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی و سەندیكاكان كارابكرێن و دەسەڵاتی تەواویان بدرێتێ كە ئەگەر لەبواری سەرپێچی مافی دەستەبەری كۆمەڵایەتی پێشێلكاری هەبێت رێكاری یاسایی بگرنە بەر.**

4–بە پێویستی هەنووکەیی و خێرای ڕەوشی کرێکارانی عێراق و هەرێمی کوردستانی دەزانین کە مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بوارەکانی بێکاری و دایکایەتی و خێزانی کرێکار بگرێتەوە، هەروەها کرێکارانی بیناسازی و بارهەڵگر و ئەوانەی کە بەشێوەیەکی کاتی کاردەکەن و شوێنی کارو خاوەن کاریان لەگۆڕاندایە.
5– بەڕێوەبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەربە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕێکبخرێتەوە بەشێوەیەك ڕۆڵی کارابکرێت و ببێتە جێگەی متمانەی خاوەنکارو کرێکاران.
6– لەسەر دامەزراوە پەیوەندارەکانی سەپاندنی سزا یاساییەکانی بواری کار پێویستە، ڕێکارە یاساییەکانان توندتر و گشتیتر بکەن بەجۆرێك هەموو ئەو خاوەنکارانە سزا بدرێن کە سەرپێچی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران دەکەن.

# ئازادی کاری سەندیکایی بۆ کرێکاران

لە نێوان ئازادی دامەزراندنی سەندیکا و ئازادی پەیوەندی کردنی کرێکاران بە سەندیکاکانیانەوە و بەرگری کردن لە ماف کرێکاراندا، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی ئۆرگانی هەیە ئەمە جگە لەوەی ئازادی دامەزراندنی سەندیکا و پەیوەندیکردنی پێیەوە بۆ خۆی مافێکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتیە و زیاتر لە دۆکیومێنتێکی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ داکۆکی لێدەکات.

لە ساڵی 1921 ڕێککەوتننامەی ژمارە 11 ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵی لە دامەزراندنی سەندیکا دەرچوو کە لە ماددەی یەکی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە "سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا بەڵێن دەدەن ماف کۆبوونەوە و یەکێتی بۆ هەموو ئەوانە دابین بکەن لە کشتوکاڵدا کار دەکەن بەهەمان شێوەی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی. هەروەها سەرجەم بەندو ڕێکاری یاسایی کە ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئەم مافە بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ هەڵدەوەشێنرێنەوە".

ساڵی 1947 یش ڕێککەوتننامەی ژمارە 84 ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف سەندیکایی دەرچوو کە بەشێوەیەکی گشتی چارەسەری ماف ڕێکخستن و دانوستانی بە گرووپ و ماف ڕاوێژ و ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ململانێی کار لە زەویە نا شارنشینیەکان دەکات.لەدەستووری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی لەدیباجەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئازادی کاری ڕێکخراوەیی ئامرازێکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارو بەرقەرارکردنی ئاشتی. ئەوە بوو ساڵی 1948 ئەم ڕێکخراو ڕێککەوتننامەی ژمارە 87 ی دەرکرد کە ناونراوە بە ڕێککەوتننامەی ئازادی سەندیکایی و پاراستنی ماف ڕێکخستن، ڕێککەوتننامەی ناوبراو چەندین ماف و بنەمای زامن کردوە لەوانە:

- ماف کرێکاران لە دروستکردنی ئەو ڕێکخراوەی خۆیان دەیانەوێت بەبێ مۆڵەتی پێشوەختە و مافیشیان لە پەیوەندیکردن پێیەوە "مادەی دوو"
- ماف ڕێکخراوە کرێکاریەکانە بەو پەڕی ئازادیەوە دەستور و سستمەکانی خۆیان دابنێن و نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن و کارگێڕیان ڕێك بخەن و چالاکیەکانیان جێبەجێ بکەن و بەرنامەکانیان دابڕێژن. "ماددەی 3 خاڵی یەکەم"
- پاراستنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە هەڵوەشاندنەوە و وەستان لە کارکردن "ماددەی 4"
- ماف ڕێکخراوە کرێکاریەکانی لە دروستکردنی یەکێتی و هاوپەیمانی لە نێو خۆیاندا و چوونە ناویەوە و بوونە ئەندام لە ڕێکخراوە کرێکاریە جیهانیەکان. "ماددەی 5"
- پابەند بوونی دەستەڵاتە گشتیەکان بە خۆپاراستن لە هەر دەستوەردانێك بۆ سەندیکاکانی کرێکاران. "ماددەی 3 خاڵی دووەم"

- پابەند بوونی دەوڵەتان بە بەتوانا کردنی کرێکاران بۆ پەراوەکردنی مافە سەندیکاییەکانیان بە ئازادی تەواوەتی. "ماددەی 11"

هەروەها ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێگە بە دەوڵەتان نادات ئابلوقە بخەنە سەر دامەزراندنی سەندیکا یان ڕێگری لە پەیوەندی کردنی کرێکاران بە سەندیکاکانیانەوە بکەن، سا فەرمانبەری خزمەتگوزاری مەدەنی بن یان ئەوانە بن کە لە دامەزراوە کارگێڕیەکان و ئابوریەکان و خزمەتگوزاریەکان کە دەوڵەت خاوەنیانە کار دەکەن. یان کرێکارنی ماڵان یان کرێکارە کۆچەرەکان یان کرێکارنی کومرگ یان کەرتی پیشەسازی و هتد.

جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مافەکانی مرۆڤدا بەتایبەتی لە خاڵی 4 ی ماددەی 23 یدا هاتووە **"هەموو کەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی دامەزراندن وبەئەندامبوونی سەندیکایی هەیە)**.

لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسییەکانیش کە لە ساڵی 1966 بڕیاری لەسەردراوە و عێراق ئەندامە تیایدا و لە 1ی ئاداری 1976 وە دەبێت جێبەجێی کردبێت، لە ماددەی 22 دا باس لە ئازادی کاری سەندیکایی بەتایبەت بۆ کرێکاران دەکات و دان بەو مافەدادەنێت. لە خاڵی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە **(هەموو تاکێك مافی ئازادانەی هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە بە مافی دامەزراندنی سەندیکا و پەیوەنی پێوەکردنی لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا)**.

لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی ورۆشنبیرییەکان کە لەساڵی 1966 لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەگرتووەکان بڕیاری لەسەردراوە و عێراق ئەندامە تیایدا و لە 23ی ئاداری 1976 وە عێراق دەبێت جێبەجێی کردبێت . لە بەشی سێیەمی ئەو پەیماننامەیە و بەتایبەتی لەماددەی 8دا هاتووە: **"1-** وڵاتانی ئەندام لەئەم پەیماننامەیە بەڵێن دەدەن بە کەفالەتکردنی ئەمانەی لای خوارەوە: أ-مافی هەموو کەسێکە کە سەندیکا دابمەزرێنێت بەبەشداری لەگەڵ کەسانی دیکە و پەیوەندی بکات بەو سەندیکایەی کە هەڵیدەبژێرێت بەبێ بەربەست جگە لەرێساکانی خودی ڕێکخراوە دیاریکراوەکە بە ئامانجی بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پاراستنیان. ناکرێت ئەو مافە بخرێتە ژێر هیچ بەربەستێکەوە جگە لەو بەربەستانەی کە بەیاسا دادەنرێن و بەشێکن لە ڕێوشوێنی پێویست لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستەمی گشتی یان پاراستنی مافی کەسانی دیکە و ئازادییەکانیان.

ب-مافی سەندیکاکان لە دامەزراندنی یەکێتییەکان یان یەکێتی هاوپەیمانێتی نەتەوەیی و مافی ئەو یەکێتییانە لە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەندیکایی نێودەوڵەتی و پەیوەندی پێوەکردنیان.

ج-مافی سەندیکاکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی بە ئازادی ،جگە لەو بەربەستانەی کە بەیاسا دادەنرێن و بەشێکن لە ڕێوشوێنی پێویست لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستەمی گشتی یان پاراستنی مافی کەسانی دیکە و ئازادییەکانیان.

لە خاڵی 3 ی هەمان ماددەدا هاتووە ( **لەم ماددەیەدا هیچ حوکمێك نیە کە ڕێگە بدات بە وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ساڵی 1948 لەبارەی ئازادی سەندیکایی ومافی ڕێکخستنی سەندیکا،**

**رێوشوێنی یاسایی بگرنەبەر یان یاسا بەشێوەیەك بەکاربهێنن کە لەو گەرەنتییانە کەمبکاتەوە کە لەو رێککەوتننامەیەدا هاتووە).**

لەسەر ئاستی هەرێمایەتیشدا و لە چوارچێوەی رێکخراوی کاری عەرەبیدا رێککەوتننامەی ژمارە 8 دەرچووە کە کە تایبەتە بە کاری سەندیکایی و ئازادی کاری سەندیکا و عێراق ئەندامە لەم رێککەوتننامە و دەبێت پابەندی مادده و برگەکانی بێت.

لەماددەی یەکەمی ئەو رێککەوتننامەیەدا هاتووە: **"هەریەك لە کرێکاران و خاوەن کار لەهەر کەرتێکدا کاربکەن دەتوانن لە نێوان خۆیاندا و بەبێ مۆڵەتی پێشوەختە رێکخراو پێکبهێنن یان پەیوەندیان پێوەبکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان و کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتیان بکات و نوێنەرایەتییان بکات لەبەردەم لایەنە جیاجیاکان و بەشداری بکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و وەدیهێنانی ئەو پلانانەی کە ئامانجی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە".**

لەماددەی 3 ی هەمان رێککەوتننامەدا هاتووە: **"رێکارەکانی پێکهێنانی رێکخراوەکانی کرێکاران یان رێکخراوەکانی خاوەن کار تەنها ئەوەیە کە بەڵگەنامەکان پێکهێنانی بەلایەنی پەیوەندیدار دەسپێرێت، یاسا لایەنی پەیوەندیدار و شێوازی سپاردن دیاری دەکات بە بێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی بخاتە بەردەم".**

هەرچی ماددەی 4ی رێککەوتننامەکەیە، تیایدا هاتووە: **"رێکخراوەکانی کرێکاران یان خاوەنکارەکان تەنها بەسپاردنی بەڵگەنامەکانیان دەست بەچالاکییەکانیان دەکەن".**

لە سەر ئاستی نێوخۆی عێراقیش، لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا و لە ماددەی 22 دا کەتایبەتە بە ماف کار و کارکردن، لەخاڵی سێیەمیدا لەبارەی کاری سەندیکاییەوە هاتووە: "" دەوڵەت ماف پێکهێنانی رێکخراوو یەکێتیە پیشەییەکان و بوون بە ئەندام تێیاندا دەپارێزێت،ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت".

هەرچی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانە بەتایبەتی لەو ماددانەی کە تایبەتە بە ماف کارو کارکردن بەهیچ شێوەیەك خۆی لە پرسی ماف کاری سەندیکایی و ئازادی کاری سەندیکایی نەداوە.

لەئاستی یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا پێشێلکاری گەورە هەیە لەبواری کاری سەندیکاییدا بەتایبەتی یاساکان رێگرن لەبەردەم کاری سەندیکایی لە کەرتی حکومیدا، لە کەرتەکانی دیکەشدا سەندیکا زۆر بێدەسەڵاتە ئەمە سەرباری ئەوەی بە یاسا سەندیکایەکی بەرەیی کراوەتە نوێنەری کرێکاران بێئەوەی کرێکاران بە رەزامەندی خۆیان و بەهەڵبژاردن پێکیان هێنابێت.

فەلاح عەلوان کە سەرۆکی ئەنجومەنەکان و سەندیکاکانی کرێکاران لەعێراق کە لە چارەکی کۆتایی ساڵی 2003 دامەزراوە و نزیکە لە چەپی کرێکارییەوە، لەبارەی کاری سەندیکایی لەعێراق، لەشاری بەغدا بە تیمەکانی ئێمەی ووت: "سەندیکاکەی سەردەمی بەعس کە سەندیکای حزبی بەعس بوو لەپاش 2003 نەماو ململانێ لەنێوان حزبەکان دروست بوو لەسەر میراتەکانی سەندیکا چونکە زیاتر لە 4 ملیار پارەی هەبوو. هەروەها ململانێ لەنێوان حزبەکانی عێراق دروستبوو لەسەر میراتگری سەندیکاکە و چوونە ململانێوە. بۆیە چەند حزبێك کە لەساڵانی 2003 و 2004 و 2005 دەستڕۆشتوو بوون لەبواری کرێکاریدا لەنێوان خۆیاندا ڕێککەوتن و سەندیکایەکیان پێکهێنا بەناوی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران و بەپێی بڕیاری 16 لە 27ی کانوونی دووەمی 2004 یش لەسەردەمی ئەنجووەمەنی حوکمدا لە عێراق بڕیاردرا ئەوە سەندیکایەکی شەرعییە و کردیانە نوێنەری عێراق لە سەندیکا نێودەولەتی وسەندیکای عەرەبی. وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە عێراق تاوەکو ساڵی 2007 سێ ڕەشنووسی یاسای بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەندیکایی لە عێراق پێشکەش کرد ، بەڵام هەموویان دژایەتیکران و ڕەتکرانەوە، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی کە لەساڵی 2007 دا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری ڕاگرتنی کاری سەندیکایی دا. ئەوەش ڕێگرتن و پێشێلکارییە بەرامبەر بەمافی کرێکاران، هەرچەندە کە سەندیکاکان ماونەتەوە بەلاوازی بەڵام لەبەر ئەوەی چەترێکی یاسایی نیە بیانپارێزێت، هەمیشە لەژێر هەڕەشەدان. ئێستاش وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق لەوەتەی سەرەتای ساڵی 2011 پرۆژەیەکیان ئامادەکردووە بۆ کاری سەندیکایی بەبێ ئەوەی رای کرێکاران وەربگرن و لەنێوان لیژنەکانی حکومەت وپەرلەمان دەیهێنن و دەیبەن".

فەلاح یاسری کە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاساییە لە وەزارەتی کاروکاروباری کومەڵایەتی عێراق و لەهەمانکاتیشدا کارایە لەبواری کۆمەڵگای مەدەنی بەتیمەکانی مەسەللە و CDO ی ووت: "ساڵی 2006 وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەهاوکاری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕەشنووسی یاسای کاری نوسی تیایدا چەند ماددەیەکی تایبەت هەبوو بەرێکخستنی کاری سەندیکایی، بەڵام پاشان ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت ڕەتیکردەوە لەبەرئەوەی پێیان وابوو بەپێی دەستوور بەتایبەتی لەماددەی سێیەمدا دەبێت یاسایەکی تایبەت هەبێت بە سەندیکاکانی کرێکاران نەك تێکەڵ بەیاسای کاربکرێت بۆیە ناردیانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. بە بڕیاری ژمارە 3 ی ئەنجومەنیش لێژنەیەکی وەزاری بۆ نووسینی ڕەشنووسی یاسای سەندیکا و یەکێتییەکان پێکهات. هەروەها ئەنجومەنی وەزیران ڕەتیکردەوە بڕیاری 150ی ساڵی 1987 رابگرێت چونکە دەستکەوتی ئابووری زۆری بۆ کرێکاران بەدەستهێناوە، هەروەها هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی ئاژاوەی یاسایی و دەبێت چەندین یاسای دیکەش هەڵوەشێتەوە یان هەمواربکرێنەوەو ئەوەش هێشتا کاتی نەهاتووە" بەڵام بەپێی زانیاریە دەستکەوتوەکانمان زۆرینەی کرێکاران و سەندیکاکان داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەدەکەن.

لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا یاسری رایگەیاند کە لە ساڵی 2005 لەژێر چاودێری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی چوار ڕێکخراو و سەندیکای عێراقی کەلەلایەن حزبەکانەوە پشتگیری دەکران لە دیمەشقی پایتەختی سوریا

کۆبوونەوە و لەئەنجامدا 3 ڕێکخراویان یەکیان گرت و "یەکێتی گشتی کرێکارانی عێراقیان پێکهێنا" . ئەنجومەنێکی 16 کەسیان بەشێوازی سازانی نێوانیان پێکهێنا. دەستیان بەکارو دەرهێنانی ناسنامەو ئەندام وەرگرتن کرد. لەبەر ڕۆشنایی ئەو یەکگرتنەش ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەوانی وەکو نوێنەری شەرعی کرێکارانی عێراق ناساند.

بەڵام ئەوان ماف ئەوەیان نەبوو کە کاربە سامانە بلۆککراوەکانی سەندیکاکەی سەردەمی ڕژێم بکەن. چونکە سەندیکای کرێکارانی سەردەمی بەعس گەورەترین سەرمایەداری خان و زەوی بوو هەروەها بڕی 15 ملیار دیناری عێراقی هەبوو، بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵی 2003 ـ 2005 ئەو سامانە گەیشتە یەك ملیار و کەس نازانێت ئەوی دیکە چی بەسەرداهات، بۆیە لیژنەی ژمارە 3 ی حکومەتی عێراق بڕیاری بلۆککردنی سامانەکانی داوە و تائێستا ئەو بڕیارە درێژەی هەیە.

بەڵام بەهۆی گرفتی حزبایەتی و ململانێی نێوان حزبەکان لە نێو سەندیکای کرێکاراندا، لیژنەی 3 لەسەرەتای ساڵی 2011 بڕیاریدا هەڵبژاردن بکات، ئەوەبوو ئەو 16 کەسەی کە پێشووتر لەڕێگەی ڕێکەوتنەوە دانرابوون هیچیان دەرنەچوون و هەمووی خەڵکی تازە دەرچوو، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا دەرئەنجامەکانی پەسند نەکات و هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشانەوە. بۆیە تا ئێستاش ئەو 16 کەسە لە ئەنجوومەنەکەدا ماونەتەوە.

بەڵام کاری سەندیکایی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تاوەکو ئێستا لەکەرتی حکومیدا یاساغە و بگرە هەرکەسێك ئەنجامی بدات ڕووبەڕووی دەستگیرکردن دەبێتەوەو ئەو بەرپرسیارێتیەش خراوەتە سەر ئەستۆی پۆلیس. لای خوارەوە یەکێك لەو بەڵگانەی کە لە 2010/7/20 لەیەکێك لە بەشەکانی وەزارەتی کارەباو بەئاگاداری وەزیری کارەبا دەرچووە کە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت:



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة الكهرباء
الدائرة الإدارية

Republic of Iraq
Ministry Of Electricity

العدد : ٢٢٢٩٤
التاريخ : ٢٠/٧/٢٠١٠

أمر وزاري

إستناداً إلى موافقة السيد الوزير المحترم على توصيات مكتب المفتش العام بموجب كتابهم المرقم (١/١/أ/٣٠) بتاريخ ٢٠١٠/٧/١٩ تقرر ما يلي:

١- يمنع ممارسة النشاط النقابي بالوزارة وإيقاف كل أشكال التعامل والتخاطب الرسمي مع النقابات التي تمارس عملها داخل مركز الوزارة وفي المديريات ومواقع الاخرى.

٢- قيام كافة الدوائر والمديريات بالتنسيق مع شرطة الكهرباء بإغلاق مكاتب وأماكن تواجد النقابات وضبط ما فيها من موجودات ووثائق وممتلكات وأثاث وأنظمة الحاسوب وغيرها وجردها لغرض استلامها أصولياً وحسب الضوابط.

٣- قيام المديريات المعنية باتخاذ الإجراءات القانونية الفورية بإحالة من يلجأ إلى التهديد واستخدام العنف بهدف إلحاق الضرر بالممتلكات العامة إلى القضاء بموجب المادتين (٢،٤) من قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة ٢٠٠٥.

٤- تشكيل لجان مركزية في كل الدوائر والمديريات المعنية ويشارك فيها ممثلون عن مكتب المفتش العام والدائرتين الإدارية والقانونية لغرض تحديد مدى استحقاق منتسبي النقابات للامتيازات الممنوحة لهم وسحبها واتخاذ الإجراءات الإدارية والقانونية بحق المخالفين.

٥- ينفذ الأمر اعتباراً من تاريخ صدوره أعلاه.

... مع التقدير.

محمد لويع حواس

لەسەردەمی بەعسدا کاری سەندیکایی بەپێی یاسای ڕێکخستنی کاری سەندیکایی ژمارە 52ی ساڵی 1987دا ڕێکدەخرا کە بەپێی یاسای ناوبراو تەنها یەك سەندیکا بوونی هەیە و نوێنەرایەتی هەموو کرێکاران دەکات کە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی دەبێت پێکدێت لە 9 کەس و بەهیچ شێوەیەکیش ئەم سەندیکایە کەرتی حکومی نەدەگرتەوە بەو پێیەی ڕژێمی بەعس بەپێی بڕیاری 150 ی ساڵی 1987 ناونیشانی سەرجەم کرێکارانی کەرتی گشتی گۆڕی بۆ فەرمانبەر.

لەهەرێمی کوردستاندا بارودۆخی کرێکاران باشتر نیە لە بارودۆخی هاوکارانیان لە عێراق، هەرچەندە لە ساڵی 1991 وە ڕژێمی بەعس لە کوردستان پاشەکشەی کرد، لە ساڵی 2003 ڕژێمی بەعس بەتەواوی لە هەموو عێراق ڕووخا، سەرەڕای گۆڕانکاری گەورە کە بەسەر عێراق و ناوچەکەدا هاتووە کەچی تا ئێستاش کار بە هەمان یاسای کارو هەمان یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هەمان بڕیاری 150 و هەمان یاسای ژمارە 52 ی ڕێکخستنی کاری سەندیکایی لەهەرێمی کوردستان دەکرێت.

جێی سەرنج و پرسیاری ئێمەیە لە ساڵی 1992تاوەکو نیسانی 2012 ، لە پەرلەمانی کوردستاندا 286 یاسا و 338 بڕیار دەرچووە کەچی یەك تاقە بڕیار و یاسایەك تایبەت نەبووە بە چینی کرێکاران و مافەکانیان.

م.ح.کە کرێکارێکی تەمەن 56 ساڵەیەو وەك خۆی دەڵێت زیاتر لە 30 ساڵە کاری کرێکاری دەکات گوتی: "ئەم حکومەت وپەرلەمانەی ئێمە لەبەر گیرفانی خۆیان وخزم وکەسەکانی خۆیان ئاگایان لەکەس نەماوە، ئەوەی کە

لەحکومەت و پەرلەمان دەیکەن هەر بۆ خەڵکی دەوڵەمەند و ئەندامەکانی حزبەکەیانە. ئەوان لەبەر ئەوەی لە ئارەقەی نێوچاوانیان نانی خۆیان پەیداناکەن هیچ ئاگایان لەکرێکارو هەژاری ئەم وڵاتە نیە. چونکە نە دێنە گەڕەکەکانمان، نە ڕێگەیان بەوێدایە، نە لەبەر جام ڕەشی سەیارەکانیان ماندووبوون و خراپی وەزعی ئێمەدەبیینێت، نە دێنەسەرکارەکانمان، نە تەلەفزیۆن ورادیۆکانیان وێنەی خراپی ژیانی ئێمەو باسی ئێمە دەگەیەنێتە ئەوان و،ئەوانیش لەخوابەزیادبێت یان تەماشا ناکەن یان بەس ئەوانەی خۆیان دەبینن. دەبا سەرۆکەکانی ئێمە ڕۆژێك ئەرك بکێشن و بێن ببینن بزانن خەڵکی کرێکارو هەژار لەسایەی سەرۆکایەتی ئەواندا چۆن دەژین".

سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کوردستان لەشاری هەولێر بە تیمەکانی ئێمەی ڕاگەیاند کە یەکێتییەکەیان هەر لە ساڵی 1992 ەوە بەشێوەیەکی بەرەیی وسازان لەنێوان حزبە سیاسییەکان پێکهاتووەو تائێستاش لەهەندێك بابەتدا کار بە یاسای 52ی عێراق دەکرێت بۆنموونە لە کاری سەندیکادا، بەڵام لەهەندێك بابەتی دیکە کاری پێناکرێت، بۆنموونە لەبارەی دانانی بودجە، چونکە بە پێی هەمان یاسا دەبێت لەکاتی دانانی بودجە نوێنەری سەندیکای کرێکاران ئامادەبێت، بەڵام ساڵی 2010 سەردانی وەزیری داراییمان کرد لەوبارەیەوە گوتیان هەوڵدەدەین چارەسەری بکەین، بەڵام تائێستا هیچ نەکراوە.

ئەو سەندیکا بەرەییە لە ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ ڕووبەڕووی دووپارچەیی بووەوە، بەڵام هەر ئەو سەندیکایە لەلای حکومەت ناسێندراوەو مامەڵەی فەرمیان لەگەڵدا دەکرێت و هیچ سەندیکایەکی دیکە بوونی نیە و ئەگەرهەشبێت یاسا نایناسێت و بە نایاسایی هەژماردەکرێت. لەبارەی بەئەندامبوون لەسەندیکاکەی ئەواندا سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکان دەڵێت ئارەزوومەندانەیە.

لەلایەکی دیکەوە لوقمان عەزیز سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران لەبارەی کاروباری سەندیکاوە دەڵێت" کار لەبواری هوشیاری کرێکاران دەکەین هەروەها هەر کرێکارێك پێویستی بە پارێزەر هەبێت بەخۆڕایی بۆی دابین دەکەین".

سدیق ڕەمەزانی نوێنەری یەکێتی سەندیکاکان لەدهۆکیش دەڵێت: "ئێستا لەگەڵ حکومەت وپەرلەمان کاردەکەین بۆ ئەوەی بەزووترین کات یاساکانی کارو دەستەبەری کومەڵایەتی هەمواربکات. کرێکاران مافەکانیان پێشێل دەکرێت بەڵام بەو شێوەش نیە هەروەها فشاریشیان لەسەرە و تاوەکو ئێستاش دادگای کار دانەمەزراوە).

بەڵام لەڕاستیدا و لەئەرزی واقیعدا سەندیکای کرێکاران ئەوەندە لاوازە تەنانەت بەبێ هەبوونی پشکنەرانی سەربەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ناتوانن سەردانی شوێنی کاربکەن و لە پێشێلکارەکانی بەرامبەر کرێکاران بکۆڵنەوە (وەك تیمەکانی کارکردنی ڕاپۆرتەکە تێبینییان کردووە) هەروەها لەفۆکەس گروپەکەی هەولێریشدا سەرۆکی لێژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە هەندێك شوێنی کار هەیە نە سەندیکا ونە پەرلەمانیش ناتوانێت سەردانی بکات!

چالاكوانێكی بواری سەندیكایی بە یەكێك لەئەندامانی تیمی راپۆرتەكەی راگەیاندووە" لەهەرێمی كوردستان هێشتا وادەزانین سەردەمی یەكێتی سۆڤیەتە هێشتا ماف ئەوە نیە كە فرە سەندیكایی هەبێت، ئەوەش زەوتكردنی ماف دامەزراندن و بەئەندامبوونی سەندیكایە. هەروەها ئەو سەندیكایەی كە هەیە حزبەكان خنكاندویانەو هیچ پەیوەندی بەواقیعی كرێكارانەوە نیە هەرچەند ژمارەیەك خەڵكی دڵسۆزیش كاری تێدادەكەن".

لە ئێستادا لە هەرێمی كوردستان یەك سەندیكای كرێكارن هەیە و جیاوازە لەوەی لە عێراقدا هەیە، بەڵام لەو شار و شارۆچكانەی سەر بە ناوچە جێناكۆكەكانن وەك كەركوك و موسڵ و قەزاو ناحیەكانیان، نوێنەرایەتی هەردوو سەندیكای هەرێمی كوردستان و عێراق هەن. سەرباری لاوازی رۆڵی سەندیكایی لە هەموو پارێزگاكانی عێراق بەهەرێمی كوردستانیشەوە و دەستێوەردانی حزبی و حكومی لەكاروبارەكانیان، لە ناوچە جێناكۆكەكان بارودۆخەكە خراپترەو كرێكاران دابەشبوون و پەرتبوونێكی تەواویان پێوە دیارە.

بۆیە لەو فۆكەس گروپەی كە لەكەركوك بۆ كرێكاران و سەندیكاكان و لایەنە پەیوەندارەكان ئەنجامدرا چەندین خاڵ لە بارەی كاری سەندیكاییەوە لەو شارە خرانە روو كە گرنگترینیان بریتی بوو لەوەی "سەندیكاكان رێكبخرێن ورۆڵیان كارابكرێت و كەسانی باش كاری تێدابكەن و لەدەستی حزبی بەدووربگیرێت وببن بە نوێنەری راستەقینەی كرێكاران".

لەفۆكەس گروپەكەی موسڵیشدا هەمان گرفتی كەركوك هەبوون لەبارەی هەبوونی سەندیكاكانی عێراق لەلایەك و لەولاشەوە سەندیكاكانی كوردستان و پێیان وابووە كە بارودۆخەكەیان ئاڵۆزكردووەو هیچیان بۆ كرێكاران نەكردووە.

لەفۆكەس گروپی دهۆكدا نوێنەری سەندیكای نەوت وكارەبا راگەیاند" هەندێك خاوەنكار و هەندێك كۆمپانیا هیچ گوێ بەبڕیارەكانی سەندیكا نادەن و پابەندنین بە بڕیارەكانی سەندیكا، بەتایبەتی كۆمپانیاكانی نەوت و كۆمپانیا توركییەكان كە هەركاتێك بیانەوێت وبەبێ گوێدانە یاسا كرێكارەكان دەردەكەن".

لەناوچەی "بەیاع" لەشاری بەغدا لە كاتی پرسیاری یەكێك لەتیمەكانمان لەگەڵ چەند كرێكارێكی بیناسازی لەبارەی رۆڵی سەندیكاكان لەپاراستنی مافەكانیان ئەوان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە"ئێمە دەزانین سەندیكای كرێكاران هەیە، بەڵام ئەوەش دەزانین وەكو حزبە سیاسییەكان بەس قسەدەكەن و هیچیان لەباردانیە".

ت.ب، ئەو كرێكارە بیناسازەی كە لەكەركوك كاردەكات وبلۆك دەگوازێتەوە دەڵێت: "لە هیچ سەندیكایەك ناوی خۆم تۆمارنەكردووە، چونكە گومانم هەیە لەكارەكانیان، ئەوان بۆ كرێكاران كارناكەن، بەڵكو بۆ خۆیان وحزبەكانیان كاردەكەن".

ر.م، كرێكارێكی دیكەیە لەموسڵ كار دەكات دەڵێت: "من لە سەندیكای كرێكاری كوردستان و یەكێتی كرێكارانی عێراقیش ناوی خۆم تۆماركرد، بەڵام بۆم دەركەوت هیچم بۆ ناكەن بۆیە لەهەردولایان دووركەوتمەوە".

سەبری یەکێکە لەو کرێکارە سادانەی کە لەتەمەنی چل ساڵیدایەو ساڵانێکی زۆرە کە لەبواری بیناسازی کار دەکات بە یەکێك لە تیمەکانی ئێمەی ووت: "نامەوێت زۆرباسی مافی خۆم بکەم وەك کرێکارێك چونکە هیچ لە بارەی مافەکانی کرێکارەوە نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم سەندیکا زۆر لاوازە بەرامبەر کەرتی تایبەت و هیچی پێناکرێت، ئەوەندەش دەزانم حکومەت دەتوانێت زۆرشت بکات تاوەکو منداڵەکانمان بە باشترین شێوە گەورە ببن وبژین".

هدایەت ئافەرتێکە لەیەکێك لە کارگەکانی دروستکردنی تەحین لە کەرکوك کار دەکات دەڵێت من ئەوە چەندین ساڵە لەم کارگەیە کاردەکەم تاوەکو ئێستا نە کەس لەسەندیکا سەردانمانی کردووە، نە هیچ لەبارەی سەندیکاوە دەزانم"

لەو راوەرگرتن وچاوپێکەوتن و راپرسییەی کە لەگەڵ 500 کرێکار کرابوو لەرێگەی فۆرمەوە و لەدو پرسیاردی تایبەت بەکاری سەندیکایی دەرئەنجامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوەبوون:

لەبارەی ئەو پرسیارەی ئاخۆ ئەندامی لەهیچ رێکخراوو سەندیکایەکدا دەرئەنجامی ئەوانەی کە وەڵامی ئەو پرسیارەیاندابووەوە بەم شێوەیە بوون:

ئەم خشتەی خوارەوە روونی دەکاتەوە لە کۆی 500 کرێکار کە تیمەکانمان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردوون بە رێژەی 77٪ یان ئەندام نین لە سەندیکای کرێکاران، بەڵام 20.6٪ ی کرێکاران ئەندامن لە سەندیکاکان و 2.4٪ وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە

| # | ناوی پارێزگا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 22 | 69 |
| 2 | هەولێر | 24 | 63 |
| 3 | کەرکوك | 17 | 65 |
| 4 | سلێمانی | 8 | 113 |
| 5 | دهۆك | 22 | 33 |
| 6 | موسڵ | 10 | 42 |
| | کۆی گشتی | 103 | 385 |

وەك لەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆری کرێکاران ئەندامی سەندیکا کرێکارییەکانی عێراق و کوردستان نین، سەرباری ئەوەی هۆکارەکانی ئەم ئەندام نەبوونە پەیوەندی هەیە بە دەسەڵاتەکانی ئەم سەندیاکایانە و سەپاندنیان بە سەر کرێکارانەوە، بە ئەنجام وایکردوە بەشێکی زۆری کرێکاران بەهۆی متمانە نەبوونیان بە سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق لە دەرەوەی رێخستن و دەرەوەی چوارچێوەکانی سەندیکا بمێننەوە

و ئەمەش راستەوخۆ وادەكات لە هەر رووبەروو بوونەوەیەكی ئەم كرێكارانە لە گەڵ خاوەن كارەكانیان یان پێكدادانی بەرژەوەندیەكانیان بە تەنیا بمێننەوە و هیچ چوارچێوەیەكی یاسایی نەبێت بەرگری لێبكات، هەرچەندە بارودۆخی ئەوانەی ئەندامیشن لە سەندیكاكانی كرێكاران لەوان باشتر نین بەو پێیەی سەندیكا بە تەواوی لاواز و بێ دەسەلات لە هەموو عێراق بە هەرێمی كوردستانیشەوە دەردەكەوێت.

هەر لە چوار چێوەی راپرسی و راوەرگرتنی كرێكاران لە چوار چێوەی پرۆژەی چاودێری مافەكانی كرێكاران، ئەو پرسیارە لە كرێكاران كرابوو: ئایا پێت وایە سەندیكا و یەكێتییەكانی كرێكاران داكۆكی لەمافەكانت دەكەن ؟

ئەم خشتەی خوارەوە وەلامەكانی ئەم پرسیارە لە سێ ئاستدا روون دەكاتەوە كە 25.2٪ پێیان وایە بەڵێ سەندیكا و یەكێتیە كرێكاریەكان داكۆكی لە مافەكانیان دەكەن، 53.8٪ پێیان وایە ئەو سەندیكا و یەكێتیە كرێكاریانە ناتوانن داكۆكی لە مافەكانی كرێكاران بكەن و 19.4٪ ئەو كرێكارانەی پێیان وابوو تا رادەیەك دەتوانن داكۆكی لە مافەكانیان بكەن.

| # | ناوی پارێزگا | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەك |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 16 | 59 | 16 |
| 2 | هەولێر | 32 | 47 | 8 |
| 3 | كەركوك | 25 | 36 | 25 |
| 4 | سلێمانی | 30 | 74 | 17 |
| 5 | دهۆك | 11 | 27 | 17 |
| 6 | موسڵ | 12 | 26 | 14 |
| | كۆی گشتی | 126 | 269 | 97 |

لەعێراق وهەرێمی كوردستان لەبەرئەوەی ساڵانێكی زۆرە كە سەرژمێری دانیشتوان نەكراوە بۆیە ژمارەی راستەقینەی كرێكار دیارنیە. هەروەها لەبەر ئەوەی گرفتی شوناسی كرێكار هەیە كە كێ كرێكارە و كێ فەرمانبەرە؟ بۆیە ژمارەكان هەمووی گریمانەیەو خەمڵاندنە . بەپێی هەندێك سەرچاوە تاوەكو ساڵی 2007 لە عێراقدا زیاتر لە 7 ملیۆن كرێكار هەبووە، كە دانیشتوان هەموو عێراق بە نزیكەی 30 ملیۆن كەس خەملێنراوە. لەلایەكی دیكەشەوە بەپێی زانیارییەكانی سەرۆكی یەكێتی سەندیكاكانی كوردستان ئەوان لەهەموو كوردستاندا نزیكەی 62 هەزار ئەندامیان هەیە. بەلام ئەمە هەرگیز ژمارەی راستەقینەی كرێكاران لە هەرێمی كوردستاندا روون ناكاتەوە چونكە وەك لە خشتەكانی پێشووتر روونمان كردەوە بەشێكی گەورەی كرێكاران خۆیان لە یەكێتی و سەندیكا كرێكاریەكان تۆمار ناكەن.

ئەگەرچی تیمەکانمام زۆر هەوڵیاندا کە ژمارەی راستەقینەی کرێکاران بەتایبەتی لەکوردستان لەلایەنە پەیوەندارەکانەوە وەربگرن، بەڵام دوای ناردنی چەندین نوسراوی فەرمی و چەندین سەردانی کەچی بەپاساوی نەبوونیەوە هیچ زانیاریەك و داتایەکیان پێنەدایین.

لەتەك ئەوانەشدا لەبەر ئەوەی کە لە ناسنامەی باری شارستانی هەر هاوڵاتییەکی عێراق و هەرێم پیشە دەنوسرێت تیمی راپۆرتەکە لەشاری هەولێر سەردانی عەبدوڵڵا رواندزی بەڕێوەبەری باری شارستانی هەولێریان کرد کە بۆ پیشەی کەسەکان دیاریی ناکرێت، بەتایبەتی بۆ پیشەی کرێکاران لەسەر ناسنامەکانیان نانووسن لەوڵامدا رایگەیاند" بەپێی یاسای باری شارستانی ژمارە 65 ی ساڵی 1972 دیاری کردوە کە هەرکەسێك تەمەنی گەیشتە 18 ساڵ دەبێ خۆی بێت داوا بکات کە پیشەی دیاری بکرێت جا ئەگەر قوتابی بێت یاخود کرێکار بێت یاخود جوتیار ..هتد .دەبێ لەوشوێنەی کەکاری تێدا دەکات پشگیرییەك بێنێت بۆ ئەوەی ئێمەش پیشەکەی بۆ بنوسین لەناسنامەکەی ، وە ئەمەش ئارەزووی خۆیەتی ناتوانین ئێمە بەزۆر پیشەکەیان پێبنووسین".

## راسپاردەکانی مافی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

1- وەك لەدەستووری عێراقیشدا هاتووە، دەبێت پەلە بکرێت لە دەرکردنی یاسەیەکی نوێ بۆ رێکخستنی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەك ئەم یاسا تازەیە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە 52ی ساڵی 1987 و هەڵوەشانەوەی بڕیاری 150 ی ساڵی 1987.

2- پێویست دەکات ئازادی کاری سەندیکایی لە دەستووری هەرێمی کوردستان زامن بکرێ.

3- حکومەتی عێراقی لە سەریەتی لە پێناو فەراهەمکردنی ئازادی کاری سەندیکاییدا هەموو ئەو بڕیارە کارگێڕی و وەزارییانەی کە رێگری لەکاری سەندیکایی دەکات لە گەڵ کرێکارانی کەرتی حکومی هەڵوەشێنێتەوە.

4- نابێت بە هیچ شێوەیەك دەستبخرێتە نێو کاری سەندیکاکان و پێویستە کرێکاران ئازادی تەواوەتیان هەبێت لە دامەزراندنی سەندیکاکانیان و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان.

5- بونیادنانی توانای چالاکوانان وستاف سەندیکاکان بەتایبەتی لەبواری داکۆکیکردن و هەڵمەت دەستپێکردن بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و بەرزکردنەوەی تواناکانیان لەبواری کاری سەندیکایی و رێکخراوەیی.

# مافی کرێکاری ئافرەت

"ئێمە لەکارگەیەکی دروستکردنی خواردنی ئامادەکراو بەرۆژانـە کاردەکـەین و هـەر رۆژێـك لـە کاتـژمێر 8 ی بـەیانی تاوەکو 4 ی ئێوارە کاردەکەین و لەبەرامبەردا هەر رۆژێکی کارکردن بڕی 15 هەزار دینار وەردەگرین کە پیاوان ئـەو جۆرە کارەی ئێمە بە 30 هەزاریش ناکەن، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی ناچـارین دەیکـەین". ئەمـە لێـدوانی ئـافرەتێکی کرێکار بوو لە بەغداد کە بۆ تیمەکانی ئێمە دوا بوو.

سەربارى مەترسیەکانی خراپی باری ئەمنی عێراق و رووداوەکانی تەقاندنەوە و رفاندن و دەستدرێژیە سێکسیەکان و تیرۆر، ئافرەتانی کرێکار لە عێراقدا رووبەرووی جیاکاری و چەوسانەوەی توند لە بواری کارکردندا دەبنەوە. ئـەوان لـە رووی کرێ و جۆری کار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیەکان لە شوێنی کاردا جیاکاریان بەرامبەر دەکرێ و بە چاوێکی نزمتر سەیر دەکرێن. هەندێك لەو ئافرەتانە بە هۆی نەبوونی هیچ سەرپەرشتیەك ناچارن هەموو شێوە کارکردنێك قبول بکەن تا بتوانن خۆیان و منداڵەکانیان پێ بژیێنن.

یەکێك لەو 30 کرێکارە ئافرەتەی لە کارگەیەکی دروستکردنی خواردەمـەنی ئامـادەکراو کـار دەکـەن، بـە تیمـەکانی مەسـەلله و CDO ی ووت: " لەهەفتەیەکـدا شـەش رۆژ کاردەکـەین و هـەر رۆژێکـیش کارنەکـەین هـیچ پارەیـەك وەرناگرین جا ئەو رۆژە پشوو بێت یان نا. ئەگەر رۆژێك نەتوانین بچینە کارکردن مۆڵەتی بە پارە نیە و تەنانـەت بـێ پارەش ئەگەر پێشووتر مۆڵەت وەرنەگریت ئاگادارەدەکرێینەوە ئەگەر دووبارەی بکەینەوە دەردەکرێین".

یەکێکی تر لە کرێکارانی ئەو کارگەیە کە لە دەرەوەی کارگە لێدوانیان بۆ تێمەکانی ئێمە داوە گووتی: "ئێمە تەنها نیو کاتـژمێر مۆڵـەتمان هەیـە بـۆ نـانخواردن و نابێـت کارراوەسـتێت بۆیـە دەبـێن بـەدوو بەشـەوە هـەرجارێك یـەکێکمان نانەخۆین. خواردن و چاو هەموو شتێك دەبێت خۆمان دابینی بکـەین، خاوەنکـار هـیچ پێویـستییەکی بـۆ کرێکـاران دابیننەکردووە بۆ نموونە نەئاوی سار و نە گەرم، ئاودەسـتەکانی کارگـە زۆر پیـسن. شـوێنی کارکردنمـان بـەهاوینان گەرمە و بەزستانان سارد، تا ئێستا هیچ لایەنیکی حکومی و تەنانەت هیچ سـەندیکایەك سـەردانی کارگەکـەی ئێمـەی نەکردووە".

ئەگەرچی بـارودۆخی گـشتی کرێکـاران لـە عێراقـدا لـە دۆخێکـی زۆر خـراپ و لەبـەردەم مەترسـی گەورەدایـە، بـەڵام بارودۆخی کرێکارانی ئافرەت بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەتان و نەبوونی پشتیوانی لێیان لـە دۆخێکـی زۆر قورستر دایە.

هەرچەندە عێراق زۆرێك لەو رێککەوتننامانەی ئیمزاکردووە کە تایبەتە بـەمافی کـاری ئلفرەتـان و جیاکـاری نـەکردن لـە سەر بنەمای جێندەر لەبواری کارکردن و پاراستنی کەرامەتی کرێکاری ئافرەت، بەتایبەتی ئیمزاکردنـی رێککەوتنامـەی

ژمارە 89 ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی تایبەت بە کاری ئافرەتان لەشەودا و پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی ژمارە 100ی هەمان ڕێکخراو کە تایبەتە بە یەکسانی کرێ، هەروەها پەسندکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیرییەکان کە لەساڵی 1966 لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەگرتووەکان بڕیاری لەسەردراوە بەتایبەتی کە لە ماددەی 7 دا لە خاڵی یەکەمی برگەی (أ) دا کە هاتووە "کرێیەکی ڕەوا و پاداشتێکی یەکسان لەبەرامبەر یەکسانی بەهای کارەکە بەبێ جیاکاریکردن، ئەوەش ئافرەتان بگرێتەوە بەتایبەتی دەبێت مەرجەکانی کارکردنی ئافرەتان لەوە کەمترنەبێت کەپیاوان هەیانە و هەمان ئەو کرێیە وەربگرێت کە پیاوان وەریدەگرن لەهەمان کاردا".

هەروەها عێراق ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لەدژی ڕەگەزی مێینە - سیداو - ی پەسندکردووە، کە زیاتر کار لەسەر نەهێشتنی جیاکاری دەکات لە بواری ماف کارکردن لەنێوان ڕەگەزەکاندا. ئەوەی تایبەتە بە بواری کاری ئافرەتان لە ماددەی 11ی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە:

**1-وڵاتانی ئەندام هەموو ڕێوشوێنێك دەگرنەبەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەدژی ڕەگەزی مێ لە بواری کارکردن لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ پیاودا بەجۆرێك کە هەمان ماف بۆ دابینبکرێت :**

**أ-ماف کارکردن بەو پێیەی کە مافێکی چەسپاوە بۆ هەموو مرۆڤێك.**

**ب- ماف لەسوود وەرگرتن لەهەمان هەلی کارکردن و جێبەجێکردنی یەك پێوەر بۆ کار پێوەکردن.**

**ج-ماف هەڵبژاردنی پیشە وجۆری کار، ماف تەرقیە و دڵنیابوون لە هەموو ئیمتیازات و مەرجەکانی خزمەت وماف ڕاهێنان ودووبارە ڕاهێنانی پیشەیی وەك فێرکردنی پیشەیی وڕاهێنانی پیشەیی پێشکەوتوو وڕاهێنانی بەردەوام.**

**د-ماف کرێی یەکسان، وەك یەکسانی لە هەڵسووکەوتی کارکردن لەو کارانەی کە هەمان بەهایان هەیە و، یەکسانی لە هەڵسەنگاندنی جۆری کارکردن.**

**هـ-ماف چاودێری کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەکاتی خانەنشین بوون و بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیربوون و حاڵەتی دیکە نموونەی نەبوونی توانستی کارکردن و ماف مۆڵەت وەرگرتنی بەپارە.**

**و-ماف پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی بارودۆخی کارکردن لەوانە پارێزگاریکردن لە پرۆسەی منداڵ بوون.**

لەتەك ئەوانەشدا لەئاستی جیهانی چەندین ڕاسپاردەو ڕێککەوتنامەی دیکە هەیە کە جەخت لە ماف کرێکاری ئافرەت دەکاتەوە، لەوانە لە کۆنگرەی جیهانی تایبەت بەئافرەتان لەساڵی 1990 کە چەندین ڕاسپاردەی لەبارەی کارکردنی ئافرەتان و نەهێشتنی جیاوازی بەرامبەری و کرێی ڕەواو یەکسان و گەیشتنی بەپۆستە باڵاکان وبەئەندامبوونی لەسەندیکا و ڕێگەگرتن لە دەستدرێژی سێکسی بەرامبەریان و...تد. جگە لەوەش لە کۆنگرەی دانیشتوان و پەرەپێدان کە لەساڵی 1994 لەقاهیرەی پایتەختی میسر ئەنجامدرا جارێکی دیکە جەخت لە یەکسانی کراوەتەوە بەتایبەتی یەکسانی لەبواری کارکردندا.

لەئاستی هەرێمایەتیشدا عێراق لە ساڵی 1978 ـەوە رێککەوتننامەی ژمارە پێنجی رێکخراوی کاری عەرەبی پەسندکردووە کە تایبەتە بە کاری ئافرەتان. لەماددەی یەکەمیدا جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەبێت لە یەکسانی ژن وپیاو رەنگدانەوەی هەبێت لەیاساکاندا بەتایبەتیش لەکەرتی کشتوکاڵیدا. هەروەها رێککەوتننامەکە جەخت لە مافی کرێی یەکسان ودەرفەتی کاری یەکسان و رێگەگرتن لەکاری شەوی ئافرەتان و دابینککردنی دەستەبەری دایکایەتی و مۆڵەتی منداڵبوون و کردنەوەی دایەنگەو..تد،دەکاتەوە. یەکێکە لە رێککەوتننامە عەرەبییە باشەکان و لەکۆی 22 وڵاتی عەرەبی تەنها 4 وڵات پەسندیان کردووە.

لەیاسای کاری عێراقی ژمارە 71ی ساڵی 1987دا لەبارەی مافی کرێکاری ئافرەتەوە لەماددەی دووەمدا هاتووە کە کارکردن مافی هەموانە بە بێ جیاوەزی رەگەزی و...تد. هەروەها لە ماددەی 4 دا لەبڕگەی دووەمیدا دان بەیەکسانی کرێدا دەنێت بۆ کرێکاران لەیەك جۆر و بابەتی کاردا بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان رەگەزەکاندا.

هەروەها لە بەشی یەکەمی دەروازەی شەشەمدا، ماددەی 80 ـ 89 تایبەتە بە پاراستنی مافەکانی کرێکاری ئافرەت بەتایبەتی لەبارەی ئافرەتی دووگیان و ئەو ئافرەتانەی کە منداڵی ساوایان هەیە. هەروەها رێگەگرتن لەکارکردنی ئافرەت بەشەوو...تد.

سەرباری پابەندیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانی عێراق لە سەر پرسی پاراستنی یەکسانی کارکردن لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا و هەموو دەق و بڕگە دەستوری و یاساییەکانی عێراقی لە پەیوەند بە یەکسانی جێندەری لە مافی کارکردن و پاراستن لە جیاکاری و چەوساندنەوە، کەچی لە ئێستادا پێشێلکاری مەترسیدار و زەق بۆ سەر مافی کرێکارانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان و عێراق دۆکیومێنت و تۆمارکراون کە بووەتە مایەی نیگەرانی ئێمە لەو بارەیەوە.

م. ئافرەتێکی کرێکارە لەیەکێك لەکارگەکانی کەرکوك دەڵێت: "مێردەکەم بەتەقینەوە کوژراو خاوەنی 3 منداڵم و دایکیشم لە گەڵ ئێمەدا دەژی، بەناچاری کاردەکەم و نەخۆشی دڵیشم هەیە. من کرێکاری بەردەوامم، ئەوەی کە وەریدەگرم 200 هەزار دینارە لە مانگێکدا و ئەوەش زۆر کەمەو بەشمان ناکات".

ل.ع. کە کرێکارێکی ئافرەت بوو لە فۆکەس گروپی بەغدا بەشدار بووە دەڵێت "من شوێنی کار خاوێن دەکەمەوە و کرێکاری خزمەتگوزارم. من دەتوانم لە ساڵێکدا مانگێك مۆڵەت وەربگرم، بەڵام هەموو جار کە مۆڵەت وەردەگرم ناچار ئافرەتێکی دیکە دەبەمە شوێنی خۆم".

پ،کرێکارێکی ئافرەتەو لەیەکێك لەسوپەر مارکێتەکانی شاری سلێمانی کاردەکات دەڵێت"من هیچ زانیاریم لەسەر مافەکانی کرێکاری ئافرەت نیە هەروەها هیچ لەبارەی یاسای کارو خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی نازانم. هەرچەندە خاوەن کارەکەمان لەگەڵمان باشە ،بەڵام ئەگەر گرفتیشم بۆ دروست ببێت ناچمە لای سەندیکای کرێکاران، هەروەها دڵنیام ئەگەر قاچێکیشم لەدەستبدەم دائیرەی زەمان بەلاشماندا نایەت".

کەژاڵ کە ئێستا لەیەکێك لەکارگەکانی مافوور لەهەرێمی کوردستان کاردەکات دەڵێت "هیچ ڕێکخراوو سەندیکایەك کار بۆ مافەکانی کرێکاری ئافرەت ناکەن، من پێشتر لە شوێنێك کارم دەکرد لەگرێبەستەکەمدا کرێکەم باش بوو، بەڵام پارەیەکی زۆریان دەبڕی تەنانەت لە سێ بەش یەك بەشیان دەدامێ).

ن.غ کە کرێکارێکی ئافرەتەو لەیەکێك لەکارگەکانی ناوچەی پیشەسازی کەرکوك کاردەکات دەڵێت " ئێمە لێرە ماوەی کارکردنمان زۆرەو زیاترە لە 8 سەعات و مووچەکەشمان 300 هەزار دینارە بەشی هیچ ناکات ئەگەر ناچاری نەبێت. هەروەها لەهەفتەیەکدا شەش ڕۆژ کاردەکەین و مۆڵەتیشمان زۆر بەزەحمەت دەدەنێ. ئێمە جگە لەوەی لە ناو کارگە ڕووبەرووی گێچەڵی سێکسی دەبینەوە کۆمەڵگاش بەچاوێکی سووکەوە تەماشامان دەکات".

ح.ع. کە ئافرەتێکی کرێکارەو لە ماڵاندا کاردەکات، دەڵێت "من لەو ماڵەدا ماوەیەکی باشە کاردەکەم لەڕاستیدا ماوەی کارکردنم زۆر زۆرەو دەبێت کام ئیش پیسە بیکەم، بەچاوی کەمەوە هەمیشە تەماشا دەکرێین چ لەماڵەکاندا چی لە ناوخەڵکدا. پارەکەشمان زۆر کەمە و کەسیش قەت لێی نەپێچاوینەتەوە".

ش. ر، لە یەکێك لە ئارایشگەکاندا کاردەکات دەڵێت " من لەهەفتەیەکدا 7 ڕۆژ کاردەکەم و بەیانیان زوودەڕۆم تا ئێوارە و بگرنە هەندێجار درەنگی شەو تەواو دەبین، جاری وا هەیە 12 سەعاتیش کار دەکەم. هەندێك جار سەندیکا دێت بەڵام هەر پرسیاری گشتییمان لێدەکات. منیش لەترسی نانبڕین ناچارم هەر شتە باشەکان بڵێم".

شیفا تەها،کە خۆی بەسەرۆکی سەندیکای کرێکارانی عێراق دەناسێنێت لەموسڵ بە تیمی مەیدانی ئێمەی ووت : "بەهۆی بارودۆخی خراپی ئەمنی و هەڕەشەی کوشتن بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە 24 کرێکار پێکەوە لە کارێکی تیرۆریستیدا بوونە قوربانی، هەروەها بەهۆی پاشەکشەپێکردن بە ڕۆڵی ئافرەتان ڕێژەی کرێکاری ئافرەت لەهەموو عێراق زۆر کەمبووە. ئێمە لەموسڵ کارگەی جلوبەرگ دوورین کە ئافرەتان کاریان تێدادەکرد ناچاربووین بیبەینە دەرەوەی شاری موسڵ".

بەپێ ئەو زانیارییانەی کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستنا بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بڵاویانکردوەتەوە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2011 بڵاویانکردۆتەوە دانیشتوانی عێراق

پێکدێت لە 31,7 ملیۆن کەس کە نیوەیان ئافرەتن. هێزی کار 7,9 ملیۆن کەسن کە 16٪ ئافرەت. واتا ئافرەتان 16٪ی هێزکار پێکدێنن لەعێراقدا و پیاوان نزیکە 72–73٪ پێکدێنن. هەروەها ئەو زانیارییانە ئەوە دەردەخەن کە زۆرترین ڕێژەی کرێکاری ئافرەت لەبواری خزمەتگوزاریدا کاردەکەن. بەپلەی دووەمیش کاری ئافرەت لەبواری کشتوکاڵ و دارستان دێت.

بارودۆخی کرێکاری ئافرەت تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو کەرتەکاندا نا لەبار و سەختە، ئەگەر لە کەرتی کاری کارگەییدا ڕووبەڕوی پێشێلکاری بووبنەوە، ئەوا لە کەرتی کشتوکاڵیشدا ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە بەڵام بە شێواز و ڕێگای جیاوازتر. تیمەکانی چاودێری مەسەللە و CDO لە ماوەی کاری مەیدانیاندا چەندین پێشێلکاریان دژ بە کرێکارانی ئافرەت لە کەرتی کشتوکاڵیدا دۆکیومێنت و تۆمارکردوە.

س.ع، کرێکارێکی ئافرەتی کشتوکاڵی بووە و ئێستا نەخۆشە و لەماڵەوە کەوتووە دەڵێت" چەندین ساڵ لەگەڵ دەستەخوشکەکانمدا پێکەوە لای جوتیارێك کارماندەکرد، کارێکی زۆرماندەکرد لەبەرامبەردا پارەیەکی یەکجار کەممان وەردەگرت، سەعاتێکی زوو دەچوین و دونیا تاریك دەبوو ئەوجا دەستمانهەڵدەگرت و درەنگانی شەو دەگەیشتینەوە ماڵەوە. ناچاری نەبوایە نەدەکرا، بەڵام ئێمە ناچاربووین لەشاری خۆمان نەبووین هەر کارێك هەبوایە دەمانکرد تاوەکو بژین. سەندیکاو مەندیکا نەبوو، ئێمەش هیچمان نەدەزانی، ئێستا تووشی چەندین نەخۆشی بوومەو لەماڵەوە کەوتوومە و کەسیش لێمان ناپرسێتەوە".

گ. کچێك بوو لەخوارتەمەنی 18 ساڵییەوەو خوێندنی بەجێهێشتووە لەگەڵ ژنێکی خزمیان دەچێتە کاری کشتوکاڵی گوتی" من نە دایکم و نەباوکم توانای کارکردنیان نیە، من وبرایەکم ئیش دەکەین وبەشیشمان ناکات. من هەرچەند باوکم وبراکەم زۆر پێیانخۆش نەبوو کە کاربکەم، بەڵام ناچارین بۆیە وەختی خۆی وازم لەخوێندن هێنا و لەگەڵ ئەم ژنەی خزممان هاتوینەتە کارکردن. بەڵام ئەو ڕۆژانەیەی وەریدەگرین کەمە بەچاو پارەی پیاوانەوە من براکەم عەمەلایەتی دەکات ڕۆژان 30 هەزاروەردەگرێت،بەڵام من سەعاتی زیاترکاردەکەم بەڵام 15

یەکێك لەلایەنەکانی دیکەی پێشێلکاریکردنی مافەکانی کرێکاری ئافرەت گێچەڵی سێکسییە–تحرش جنسی– لە شوێنی کارکردندا لە عێراق وهەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەمدواییانە لەراپرسی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ولە میدیاکانی کوردستانەوە تیشکی خرایەسەر. لەوبارەیەوە یەکێك لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان–ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسی– لە ڕاپرسییەکیدا کە 1000 ئافرەتی بەنموونە وەرگرتووە لە شارەکانی دهۆك و سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و موسڵ بەپێی ئەو دەرئەنجامەی کە ڕایانگەیاندووە 76٪ بەشداربووان پێیان وابووە کە گێچەڵی سێکسی لەشوێنەکانی کارکردندا بەربڵاوە.73٪ بەشداربووانیش دەڵێن کە خۆیان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە گێچەڵەبوون لەشوێنی کارکردندا.

چالاکوانێکی بواری ئافرەتان لەوبوارەیەوە دەڵێت" نازانم ڕێژەی چەندە، بەڵام بێگومان تەحەڕوشی سێکسی لەشوێنی کارکردن هەیە، بەڵام سروشتی کۆمەڵگا وادەکات کە ئافرەتان باس لەو کێشەیە نەکەن، ئەگەر ئافرەتیش باسی بکات لەوانەیە کۆمەڵگا بەچاوی سوکەوە تەماشای ئەو ئافرەتە بکات و بگرە بەتاوانباریشی بزانێت".

لە بەدواداچوونێكی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی "چاودێر" كە لەسلێمانی دەردەچیت لە ژمارەی 353 لە 2011/12/26 **(هەندێ لە پیاوانی خاوەنكار تەحەڕوشی سێكسی بە كرێكارانی ژن دەكەن. بەمەرجی جوانی وسەفەركردن و مانەوە تادرەنگانی شەو، كاریان دەدرێتێ)**.

ئەندامێكی لیژنەی ڕاگەیاندنی سەندیكای كرێكاران دەڵێت "چەندین كەیسی تەحروش هاتۆتە بەردەستیان و بەڵگەی زیندوشیان لە بەر دەستدایە كە لەیەكێك لە كارگەكانی سلێمانی ڕوویانداوە". بەپێی هەمان سەرچاوە ئەو كرێكارە ئافرەتانەی كە تەحەڕوشیان پێكراوە و لەلای ئەوان تۆماركراون تەمەنیان لەنێوان 18-25 ساڵییە.

چالاكوانێكی سەندیكایی عێراقیش دەڵێت گرفتی گێچەڵی سێكسی لەهەموو عێراقدا بڵاوەو ئەگەر چارەسەر نەكرێت دەبێتە هۆی ئەوەی كە نیوەی كۆمەڵ لەكاركردن دابڕێن. ئەو گێچەڵكردنە لەزۆربەی شوێنەكانی كاردا هەیە، بەتایبەتی كرێكاری ئافرەتی هوتێلەكان ڕووبەڕووی دەبنەوەو زۆرجاریش لەبەرئەو گێچەڵكردنە هەرچەند خەتای ئافرەتەكەشی تێدانیە لەكارەكەی دووردەخرێتەوە.

كرێكاری ئافرەت ئەوانەی لەناوچەكانی دیكەی عێراقەوە هاتوونەتە هەرێمی كوردستان، بەتایبەتیش ئەوانەی كە لە یانەكانی شەوانە كار دەكەن و بەم دواییانە لەهەرێمی كوردستان لەپەرسەندن دایە، زور جار ڕووبەڕووی گێچەڵی سێكسی دەبنەوە. كەبەشێكی ئەم كێچەڵە سێكیانە پەیوەندی بە جۆر و كاتی كاركردنەكانیانەوە هەیە و بەشێكی پەیوەندی بە جێكەوتی ئافرەتانەوە هەیە لە كۆمەڵگا كە بەداخەوە بە چاوێكی نزمتر سەیری ئەو كرێكارە ئافرەتانە دەكەن.

چالاكوانێكی بواری كاری سەندیكایی دەڵێت: " لەراستیدا كرێكاری ئافرەت لەو كاتەی كە ژمارەیان كەمە، لەهەمانكاتدا كارێكی زۆر دەكەن و مووچەیەكی كەم وەردەگرن بە بەراورد بە جۆری كارەكانیان. هەروەها ڕووبەڕووی زۆر جیاكاری دەبنەوە لەوانە بەكەم تەماشاكردنی كارەكانیان و تەحرۆش پێیان و نەڕەخساندنی پێداویستی تەواو بۆ ئەو ئافرەتانەی كە منداڵی ساوایان هەیە و كەمی ئافرەت لە پلەی بەرزی كاركردن و كاری سەندیكایی و...تد".

## ڕاسپاردەكانی تایبەت بە مافی كرێكاری ئافرەت

1. پێویستە پابەندە نێودەوڵەتی وهەرێمایەتی و نێوخۆییەكانی عێراق لە پرسی زامنكردنی یەكسانی جێندەری لە كاركردندا، بەشێوەیەكی كردارەكی لە ڕەخساندنی دەرفەتی یەكسانی كار و یەكسانی لە موچە و باشتركردنی ڕەوشی كرێكارانی ئافرەت لە هەموو ڕووێكەوە ڕەنگ بداتەوە و چیتر بەتەنها پابەندی سەر كاغەز نەبن.
2. یاسایەكی تایبەت بە كرێكاری ئافرەت دەربكرێت و هەموو مافەكانی تێدا بەرجەستەبكرێت بە پشت بەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتیەكان هەوڵدان بۆ زامنكردنی كارایی نیوەی دیكەی كۆمەڵگا لەبواری كاركردندا.
3. پێویستە تیمی پشكنەرانی تایبەت هەبێت لە سەندیكاكانی كرێكاران و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بۆ چاودێری كردنی پێشێلكاری مافەكانی كرێكاری ئافرەت بەتایبەتی لەبواری جیاكاری لەگەڵ كردن وكاری زێدەپێكردن وكەمی موچەو گێچەڵ پێكردنیانەوە.
4. دەبێت پێویستییەكانی كرێكاری دایك دەستەبەر بكرێت و ئەو كاتانەی منداڵەكەی پێویستی بەچاودێری هەیە مۆڵەتی بەپارەی بدرێتی، هەروەها دایەنگە و ئامرازەكانی حەوانەوەی منداڵان لە شوێنەكانی كاركردندا دابین بكرێت.
5. بۆ پەرەدان بە تواناكانی كرێكاری ئافرەت، دەبێت دەرفەتەكانی ڕاهێنانی پیشەیی و توانسازی كرێكاری بۆ كرێكارە ئافرەتەكان دابین و زیاتر بكرێن.
6. دەبێت سەندیكاكانیش ئەو بوارە بۆ كرێكاری ئافرەتی سەركردە لە بواری كاری سەندیكایی و داكۆكیكردن لەمافەكانی كرێكاری ئافرەت برەخسێنن و پێداویستیەكانی بەشداری سیاسی كرێكارە ئافرەتەكان لە نێو سەندیكاكاندا دابین بكەن.

## بارودۆخی كرێكاری بیانی لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا

سەرباری خراپی بارودۆخی ئەمنی لە عێراق، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبووە لەهاتنی سەدان کرێکاری بیانی بەتایبەتی کرێکارانی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هەندێك وڵاتی ئەفریقیایی. هاتنی کرێکارە بیانەکان بۆ عێراق لە دوای روخانی رژێمی بەعس لە 2003، لە ڕێگای هێزەکانی ئەمریکاوە بووە بەتایبەت بۆ کارکردن لە چێشتخانە سەربازیەکانی ئەمریکا و ئامادەکردنی خواردن وپیشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بەو هێزە سەربازیانە، بەڵام دواتر کرانەوەی سنوورەکان و کردنەوەی سەدان نوسیگەی هێنان وبردنی کرێکار بە بێ مۆڵەت و ڕێگەدان بە وەبەرهێنەر کە کرێکاری بیانی بەکاربهێنێت بەپێی یاسای وەبەرهێنانی عێراقی ژمارە 13ی ساڵی 2006، وایکردوە لە ئێستادا و لە دەرەوەی یاسا هەزاران کرێکاری بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان خەریکی کارکردن بن یان بەدوای کاردا بگەڕێن.

لەتەك ئەوەشدا بەرپرسانی عێراقی هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بوونی ئەو کرێکارانە یاسایی نیە و بەپێی یاسای کاری عێراقی کرێکاری بیانی ناتوانێت لەعێراقدا کاربکات، هەروەها بڕیاری ڕاگرتنی هاتنی کرێکاری بیانی و ناردنەوەیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕاگەیەندراوە. هەرچەندە لەساڵی 2012 دا بەرپرسانی عێراقی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕایانگەیاندووە کار بۆ ئەوە دەکەن یاسایەك دەربکەن بوونی کرێکاری بیانی لە عێراقدا ڕێکبخات.

لەهەرێمی کوردستانیش چوارچێوە یاساییەکە هەمان چوارچێوەیەو تاوەکو ئێستا هیچ یاسایەك نیە بۆ پاراستنی ماف کرێکاری بیانی، لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆری ئەو کرێکارانە لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن. بەپێی لێدوانی کەسێکی شارەزا لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم نزیکەی 25 کۆمپانیا کاری هێنانی کرێکاری بیانی دەکەن. بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێك لەو کۆمپانیایانە سەرپێچی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییان کردووە ڕاگیراون. ژمارەی کرێکاری بیانی لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە پێنج هەزار کرێکارەو لەنێوانیاندا 1000 کرێکاری ئافرەت هەیە کە زۆربەیان خەڵکی وڵاتانی (ئەندۆنوسیا، ئەسیوبیا، نیپال، بەنگلادیش، جۆرجیا وهیند)ن. بەڵام بەپێی هەندێك سەرچاوە زیاتر خواست لەسەر کچانی کرێکاری ئەندنوسیا و بەنگلادیشە. ئەوانە زۆربەیان لەبواری کاری خزمەتگوزاری، لە ماڵان وهوتێل و یانە و کۆمپانیاکان کاردەکەن.

بەپێی یاسای ژمارە (4) کە لەساڵی 2006 پەرلەمانی کوردستان، کە بە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا ناسراوە، بە تایبەتی لەبەشی سێیەمدا لە خاڵی دوو ماف بەکارخستنی کرێکاری بیانی لە پرۆژە وەبەرهێنەکاندا دەداتە وەبەرهێنەران کە تیایدا هاتووە: "وەبەرهێن بۆی هەیە کار بەکرێکاری خۆجێی وبیانی پێویست بۆ پرۆژەکە بکات کە لە گەڵ پێشخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کارپێکردندا، بەپێی یاساکانی کارا لەهەرێمدا".

**بەڵام لە خاڵی حەوتەمیدا هاتووە:** "کرێکارە ناعێراقییەکانی پرۆژەکە و ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن بۆیان هەیە پارەو کرێیەکانیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن".

لەلای خۆیەوە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا دوو ڕێنمایی دەرکردووە بۆ پیادەکردنی کاری بیانییەکان لەهەرێمی کوردستان وەك خۆیان دەڵێن ئەو ڕێنماییانە بە پێی ماددەی

23 ی یاسای کاری عێراقی، یاسای ژمارە 71ی ساڵی 1987. بەپێی ڕێنماییەکەی ژمارە دوو کە لەساڵی 2007 دەرچووە، شوێنی ڕێنمایی ژمارە یەکی گرتۆتەوە.

ڕێنمایی ژمارە 2 لە 15 مادده پێکهاتووەو زۆرتر تایبەتە بە ڕێکارەکانی هێنانی کرێکاری بیانی لەلایەن کۆمپانیاکان و هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە کرێکاری بیانی بیگرێتەبەر لە هەرێمی کوردستاندا لەوکاتەی کە دەیەوێت بێتە هەرێم کاربکات یاخود وەختێك کە لەهەرێمی کوردستان کاردەکات.

بەپێی ئەو ڕێنماییانە بەتایبەتی لەماددەی سێدا هاتووە (هیچ خاوەنکارێك لە کەرتی تایبەت و تێکەڵ و هەروەوەزی ناتوانێت کرێکاری بیانی بەکاربخات ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی بەپێی مەرج و ڕێکارە دیاریکراوەکان لەو ڕێنماییە وەرنەگرتبێت). مۆلەتی کاریش بەپێی ڕێنماییەکە لە دەسەڵاتی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە یان ئەوەیە کە رایدەسپێرێت بەو دەسەڵاتە.

لەماددەی حەوتی ڕێنماییەکەشدا بە دوور و درێژی باس لە چۆنێتی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە دەکات، کە دەبێت نوسراوێك بداتە وەزراەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە تیایدا داوای ئەوە بکات کە دەیەوێت لەهەرێم کاربکات. هەروەها بەڵگەنامە فەرمییەکانی خوێندن و تواناکانی و کۆپییەك لەپاسپۆرت و جۆری ئەو کارەی دەیەوێت بیکات و شوێنی کارکردنی و ناوی خاوەن کارو ناونیشانی پێشکەش بکات. پاشان وەزارەت لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتی وەگەڕخستن لەشارەکان جەخت لەیاسای زانیارییەکان دەکات و لەکاتی نەبوونی گرفتی یاسایی داوا لەلایەنە فەرمییەکان دەکات کە مۆڵەتی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان پێببەخشن. پاش گەیشتنی بەهەرێمی کوردستان دەبێت لەماوەی هەفتەیەکدا سەردانی لایەنی فەرمی بکات بۆ وەرگرتنی مۆلەتی کارکردن و مانەوە. هەر لەهەمان ئەو ماددەیەدا لەخاڵی سێیەمیدا دەڵێت کە ئەو کۆمپانیایانەی کە کرێکارەکان دەهێنن لەکاتی هاتنی وتا ڕۆشتنەوەی بەرپرسن لەو کرێکارانە.

لەکۆی ئەو 15 خاڵەی کە لە ڕێنماییەکەدا هاتووە بەهیچ جۆرێك باس لە مافەکانی کرێکارە بیانیەکان ناکات. **ئەوە لەکاتێکدا کە لە فۆکەس گروپی تایبەت بە کرێکاران لە چوار چێوەی ئەم پرۆژەیەدا ئەندامێکی لێژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "ئەو کرێکارنە بە کۆیلە کراون، پاسپۆرتەکانیان حجز دەکرێت لای خاوەن کۆمپانیا و هیچ دەستەبەریەکی کۆمەڵایەتییان نیە. هەموو کارێکیان پێدەکرێت و هەندێکیان 13 تا 14 سەعات کاردەکەن".**

بەپێی لێدوانە ڕاگەیەندراوەکان ئیستا لەوەزارەتی کارلێژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە بۆ ئەوەی ڕێنمایی ژمارە 3 دەربکات و پلانێکی درێژخایەن دابنێن لەبارەی کرێکاری بیانییەوە.

سەرباری ئەوەی هیچ چەترێکی یاسایی نیە پارێزگاری لە کرێکارە بیانیەکان بکات و مافە پیشەییەکان و سەلامەتی پیشەیی و تەندروتی کار و بڕی گونجاوی مووچە و جیاکاری نەکردنیان لەبەرامبەردا بۆ دەستەبەر بکات، هاوکات لە ڕووی مرۆییەوە لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین و وەك خۆیان دەڵێن لە زۆربەی حاڵەتەکاندا فێڵیان لێکراوە و بە ناوی بردنیان بۆ دوبەی یان تورکیا هێنراون بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا بەچاوی پاراستنی شکۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا ناکرێ. بەو پێیەش کە بەشی هەرە زۆری ئەو کرێکارانە کرێکاری ناشارەزان و خاوەن بڕوانامە و

پسپۆری نین لە بوارێکی دیاریکراودا و زۆربەیان لە کەرتی خزمەتگوزاری و کاری ئاساندا کاردەکەن کە پێویستی بە لێهاتووی نیە، ئەمە وایکردوە دەرفەتی کارکردن لەو کەرتە بۆ کرێکارە عێراقیەکان کەم بێتەوە و ئەو کرێکارە بیانیانەش بە هۆکارێك بۆ بێ کاری خۆیان بزانن، هەر بۆیە لە ڕێپێوانەکانی ئەمساڵدا و لەبەیاننامەکانی سەندیکاکانی کریکاراندا داوا کرا هێنانی ئەو کرێکارانە ڕابگیرێت. لەوانەش بەیاننامەی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان کە لە 1ی ئایاری 2012 دا دەرچووە و تیایدا هاتووە: (ڕاگرتنی هێنانی کرێکاری بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان ،تەنها ئەو کرێکارە "فنی"یانە نەبێت ،کە شارەزایی پیشەکانیان لێرە نین،یاخود کەمن،یا ئەوەتا بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی کار و لیژنەی هاوبەش کە سەبارەت بە هێنانی کرێکاری بیانی دەرکراوە.چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی ئەو کرێکارە بیانیانەیش کە لەهەرێمی کوردستان بە ڕێگای ئەو کۆمپانیایانەی کەوا هێناویاننەتە ناو هەرێمی کوردستان).

لەچوارچێوەی کارە مەیدانیەکانیشماندا و لە شاری سلێمانی لە فۆکەس گروپێکدا بەشداربووان داوایان کردووە کە (پێویستە سنور دابنرێت بۆ هێنانی کرێکاری بیانی کە نابێت هیچ پرۆژەیەك لە 20٪ زیاتری کرێکاری بیانی هەبێت).

هەرلە فۆکەس گروپەکانداو ئەمجارەیان لەبەغدا بەشداربووان وتویانە (هاتنی کرێکاری بیانی ئازارمان دەدات و دەرفەتی کارکردنمان کەم دەکاتەوەو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کرێمان. بۆ نموونە پێش ئەوەی کرێکاری بیانی بێت کرێکاری چێشتخانەیەك 450 تاوەکو 500 هەزاری وەردەگرت، بەڵام ئەو کرێکارە بیانیانە بە 200 ـ 250 دۆلار کاردەکەن و مەمنونن، ئەوەش وایکردووە کە کاریکاتە سەر ژیانی ئێمە).

لەشاری بەغداش کرێکارانی یەکێك لەهوتێلە بەناوبانگەکانی بەغدا بە تیمی ئێمەیان ووت: "خاوەن هوتێلەکەمان هەمیشە بە کرێکاری بەنگلادیشی دەمانترسێنن کە گوایە ئەگەر ئێمە بەوە رازی نەبین ئەوان کریکاری بیانی بەهەرزانتر و باشتر دەهێنن، ئەوەش کاری کردۆتە سەر داواکاریی و مافەکانی ئێمە".

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ئەو کرێکارە بیانیانەی کە لە هەرێم کاردەکەن ئەو مووچەیەی وەریدەگرن بەشیان ناکات، بۆیە هەندێکیان زیاتر لەکارێك دەکەن تابتوانێت بژێوی ژیانیان دابین بکەن و هاوکاری خانەوادەکەیان بکەن. یەکێك لەو کرێکارانە بە یەکێك لە تیمەکانی ئێمەی گوت: "من لەکۆمپانیایەك کاردەکەم، بەڵام پارەکەم بەش ناکات بۆیە بەناچاری ئێستا لەسەر شەقامەکان بنیشت دەفرۆشم، تاوەکو برێکی دیکە پارەم دەستکەوێت"

هەندێ لەو کرێکارانە نەك هەر بەتەنها بە مووچەی کەم کاریان پێدەکرێت و رازی دەکرێن، هاوکات خاوەن کار خواردنی ماوە بەسەرچووی دەرخوارد داون کە ئەمە هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر سەلامەتی و ژیان ئەو کرێکارە بیانیانە، بەتایبەتی لە یەکێك لەکۆمپانیاکانی شاری هەولێر کە ژمارەیەك کرێکاری بیانی کاریان تێدا دەکرد لەچوارچێوەی یەکێك لە پرۆگرامەکانی کەناڵی زاگرۆسدا کە کۆگای خواردنی کۆمپانیاکەیان پشکنی دەرکەوت هەموو ئەو خواردنەی کە دانرابوو بدرێن بەو کرێکارە بیانیانە هەمووی ماوە بەسەرچوو بوون لە ئارد و رۆن و خواردنی قووتووبەند و...تد. بۆیە لێژنەیەکی حکومی ئەو شوێنەی داخست.

رێکخراوی مەسەللە کەیسی ئافەرتێکی کرێکاری بیانی تۆمار کردوە بەناوی (ج) کە لەدایکبووی ساڵی 1985ی ئەسیوبیایە و لە یەکێك لە ماڵەکاندا کاری کردوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نا مرۆڤانە لێیدراوە و توندوتیژی لەبەرامبەردا بەکارهێنراوە و ناچار بووە لەم ماڵە رابکات و پەنا بباتە بەر ماڵی دالدەدانی ئافرەتان بەو پێیەی پاسپۆرتەکەی لە لایەن خاوەن ماڵ دەستی بەسەردا گیراوە، کە دواتر ماڵی دالدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو کێشەکەیان بۆ چارەسەر کرد.

یەکێك لەچاودێرانی کار لەشاری دهۆك بە تیمی راپۆرتەکەی راگەیاند کە( گرنگترین گرفتی کرێکاری بیانی لەهەرێمی کوردستان بریتییە لەوەی کە رێژەیەك لەپارەکانیان دەبڕدرێت بۆ کاری بەدواداچوون و کەسێتی هەروەها هەندێك کۆمپانیا پارەکانیان لەوەختی خۆی ناداتێ، جگە لەوەی کە رۆژانە زیاتر لە 8 سەعات کاریان پێدەکرێت و مووچەکانیشیان لەبەردەستی خۆیاندا نیە و هاندانی کارو رێزگرتن لەکاریان نیە و تەنانەت کۆمەڵگاش بە جۆرێکی دیکە و بەشێوەیەکی خراپ تەماشایان دەکات).

یەکێك لەو کرێکارانەی کە ماوەی 2 ساڵە هاتۆتە کوردستان و لە کۆمپانیایەکی بواری گەشتوگوزاردا کاردەکات هەر بە کوردی قسەی بۆ تیمەکانی ئێمە کرد و ووتی: "من وەزعم باشەو نامەوێت بچمەوە، بەڵام برادەرێکم دەیەوێت بۆ بەنگلادیش بگەڕێتەوە، ئەو پاسپۆرتەکەی لای کۆمپانیایە و نایداتەوە تاوەکو سەفەربکات و لێی حجز کراوە تاوەکو عقدەکەی تەواودەبێ، بەڵام هیشتا زۆری ماوەو ناتوانێت بچێتەوە هەرچەند کە زۆر نامورتاحە".

لەمانگی ئایار و حوزەیرانی 2011 دا لە کۆمپانیاییەکی بیناسازی لە شاری عیمارەی باشووری عێراق نزیکەی 30 کرێکاری سریلانکی دووچار مانیان لەخواردن گرت و لەوە نزیك بوون خۆکوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن. لەبەرامبەر ئەوەی کە نزیکەی 2 ساڵ بوو کۆمپانیایەکە پارەی نەدابوو پێیان و دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ئاسانکاریان بۆ بکات. بۆیە حکومەت هەڵسا بەنێوبژیوانی و چارەکردنی گرفتەکەیان.

لەلایەکی دیکەوە ئەو کرێکارە بیانیانەی کە هاتونە هەرێم لەبەرئەوەی فیزای عێراقیان نیە، کە دەچنە ناوچەکانی دیکەی عێراق دەستگیردەکرێن. لەو بارەیەوە بەپێی هەواڵەکان لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی بەرچاوی کرێکاری بیانی روو لەبەغدا دەکەن لەناوچەکانی سەربە پارێزگای دیالە دەستگیردەکرێن کە دواینیان لە مانگی نیسانی 2012 بوو کاتێك لە بازگەیەکی شارۆچکەی خالص 3 کرێکاری بەنگلادیشی دەستگیرکران.

یەکێکی دیکە لەو پێشێلکاریانەی رووبەڕووی کرێکاری بیانی و بەتایبەتییش کرێکاری ئافرەتی بیانی دەبێتەوە گێچەڵپێکردنی سێکسی و لاقەکردنە. بەپێی زانیاریەکانی ئێمە ئەو کرێکارە ئافرەتانەی کە پارەکانیان بەشیاننەکات و دووکاردەکەن زیاتر دەبنە قوربانی ئەم شێوە دەستدرێژیانە. لەوبارەیەوە لەیەکێك لە گۆڤارە نێوخۆییەکانی هەرێم کە پێشتر بڵاوکراوەتەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کرێکارێکی ئافرەتی بیانی کردووە، هەروەها وێنەی یەکێکیانی بڵاوکردۆتەوە لەیەکێك لە بنکەکانی پۆلیس. راپۆرتە رۆژنامەوانییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆرێك لەو ئافرەتانەی کە لە ماڵان کاردەکەن یان لە هوتێلەکان پارەکانیان بەش ناکات بۆیە پەنا دەبەنە بەر کاری شەوانە بەتایبەتی لەیانەکانی شەودا لەوێش رووبەڕووی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە. بەتایبەتی لەلایەن شۆفێری هەندێك لەتەکسییەکان یاخود لەلایەن کەسانی دەسترۆیشتووەوە.

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە کرێکاری بیانی

1–لە کاتێکدا بارودۆخەی کرێکارانی بیانی لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا بە ئەندازەیەکی زۆر مایەی نیگەرانی و هەڕەشەیە بۆ سەر شکۆ و سەلامەتی خودی کرێکارە بیانیەکان، و بۆشاییێکی گەورەی یاسایی هەیە لەمبارەیەوە، لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێویستە هەوڵ بدات بۆ پەسندکردنی **ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان کە بەبڕیاری158/45 ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی 1990 پەسەندکراوە.**

2–بۆ درێژە نەدان بە دۆخی قورسی کرێکارە بیانیەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێوکاری یاسایی بگرنە بەر و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکانیش، دەبێت داوا لە پەلەمان و ئەنجومەنی نوێنەران بکەن لەم بارەیەوە یاسای گونجاو دەربکات.

3–ڕێنمای ژمارە 2 وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم هەمواربکرێتەوە بەشێوەیەك کە مافەکانی کرێکاری بیانی بناسێنیت و حکومەت ڕۆڵی کارا بگێڕێت لەپاراستنی مافەکانیان.

4–سەندیکاکانی کرێکاران بەجدی کاربۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ئەو توێژەی کرێکاران بکات و جیاوازی نەکات لە داکۆکیکردن لەنێوان کارێکارنی ناوخۆیی و بیانی و دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنن کە ئەو کرێکارە بیانیانە بتوانن ببنە ئەندام لەسەندیکاکاندا. یە پێچەوانەوە دەبێت ماف دامەزراندنی سەندیکا و کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان پێ ڕەوا ببینرێت.

5–دەبێت هاوسەنگی لە دەرفەتی کار بۆ کرێکارە بیانیەکان و کرێکارە عێراقیەکان بە شێوەیەك ڕابگیرێت، کارکردنی ئەو کرێکارە بیانیانە نەبێتە مایەی دروستکردنی ڕکوکینەی کۆمەڵایەتی و بێزرانی ڕەگەزپەرستی لە ناو کۆمەڵگادا.

6–دابینکردنی ماف دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارە بیانیەکان بەهەمان شێوە و ڕێکاری کرێکارە نێوخۆییەکان.